تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5862) یەک شەممە 3ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

## هەڵبژاردنی پێشوەخت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت

سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، دەنگۆی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە عێراق هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت، چونکە کێشەکان، کێشەی هەڵبژاردنەکان نین، بەڵکو کێشەی سیستمی بەڕێوەبردنی حوکمڕانین. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

## هادی عامری: سیستمی پەرلەمانیی لە عێراق شکستیهێناوە

سەرکردەی هاوپەیمانیی فەتح، هادی عامریی ئاشکرایکرد سیستمی پەرلەمانی لە عێراق شکستیهێناوە و پێویستە پێداچوونەوە بە پرۆسەی سیاسیی بکرێت بە ئامانجی کۆتاییهێنان ناڕەزایەتییەکانی ئێستا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی بارودۆخی هەنووکەیی عێراق:

# دۆخی ئێستای عێراق کەڵەکەبووی فەشەلێکی 15ساڵەیە

## نابێ گۆڕینی دەستوور ببێتە هۆی پاشەکشەی مافی گەلی کورد و پێکهاتەکانی تر



دوێنێ شەممە 2019/11/2 سەرۆک بارزانی لەبارەی دۆخی ئێستای عێراق لە پەیامێکدا ڕایگەیاند "لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی هاوواڵتیان، ئێمە زۆر بە پەرۆشین بۆ ئەو دۆخەی کە هاتووەتە پێش و پێمان وایە کە ئەمەی ئێستا لە ئارادایە هی ئەمڕۆ نییە بەڵکو دەرئەنجام و کەڵەکەبووی فەشەلێکی پازدە ساڵەیە. خەڵک ئێش و ئازارێکی زۆری بینیوە و هاوواڵتی مافی خۆیەتی داواکاری هەبێت و نارازی بێت. بۆیە پێویستە گوێ لە داواکاریی خەڵک بگیرێت و بە تووندوتیژی و خۆپشتن کێشەکان چارەسەر نابن. هەر لە پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی ئەوەشی ئاشکراکردووە "لەبارەی داواکارییەکان لەسەر گۆڕینی دەستوور، پێمانوایە نابێ گۆڕینی دەستوور بسەپێندرێت یان بە زۆر بێت و لە هەمان کاتیشدا نابێ گۆڕینی دەستوور ببێتە هۆی پاشەکشە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و هەروەها پاشەکشەی مافی گەلی کورد و پێکهاتەکانی تر". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی هاوواڵتیان، ئێمە زۆر بە پەرۆشین بۆ ئەو دۆخەی کە هاتووەتە پێش و پێمان وایە کە ئەمەی ئێستا لە ئارادایە هی ئەمڕۆ نییە بەڵکو دەرئەنجام و کەڵەکەبووی فەشەلێکی پازدە ساڵەیە. خەڵک ئێش و ئازارێکی زۆری بینیوە و هاوواڵتی مافی خۆیەتی داواکاری هەبێت و نارازی بێت. بۆیە پێویستە گوێ لە داواکاریی خەڵک بگیرێت و بە تووندوتیژی و خۆپشتن کێشەکان چارەسەر نابن. لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێک لە گرفتە گەورەکانی عێراق جێبەجێ نەکردنی دەستوورە. ئەگەر دەستوور وەک خۆی جێبەجێ کرابا، زۆر لەو کێشانە نەدەبوون کە پێشتر و ئێستایش هەن. لە لایەکی دیکەوە هۆکاری وردی دۆخی ئێستا یاسای هەڵبژاردنە، و، بۆ نەمانی هۆکاری گرفتەکان، دەبێ یاسای هەڵبژاردن بە شێوەیەک بگۆڕدرێت کە ئەنجامەکان دەربڕی خواستی ڕاستەقینە و دادپەروەرانەی سەرجەم پێکهاتەکان بێت.

لەبارەی داواکارییەکان لەسەر گۆڕینی دەستوور، پێمانوایە نابێ گۆڕینی دەستوور بسەپێندرێت یان بە زۆر بێت و لە هەمان کاتیشدا نابێ گۆڕینی دەستوور ببێتە هۆی پاشەکشە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و هەروەها پاشەکشەی مافی گەلی کورد و پێکهاتەکانی تر. بە دڵنیاییشەوە سیستەمی دیموکراسی زیاتر لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراقە نەک دیکتاتۆری و هەموو گۆڕانکارییەکیش پێویستە لە چوارچێوەی یاسا و میکانیزمە دەستوورییەکاندا بێت.

**مسعود بارزانی**
**2ی 11ی 2019**



نێچیرڤان بارزانی:

## کۆمەڵگەی کوردستان خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندی ژیاندۆستی و نەریت و بەهای جوانی مرۆڤایەتییە

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە 31/10/2019 لە هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خاتوو ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتارانی کوردستان و یاساناس و پارێزەران، ڕێوڕەسمی شەشەمین کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەڕێوە چوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا دوای پێشکەشکردنی چەند وتارێک لەلایەن ئامادەبووانەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد. **(دەقی وتارەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

## خاڵی لاوازی خۆپێشاندەران

**سەلام عەبدوڵلا**

هیچ گومان لەوەدانییە کە دەوڵەتی عێراق، بەپێی هەموو ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنەکانی لایەنە نێودەوڵەتییەکان، کە عێراق وڵاتێکی گەندەڵ و دواکەوتووەو تایفەگەری و مەزهەبگەری باڵی بەسەر جۆری حوکمڕانیدا کێشاوە کە بەئاشکرا دیارەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش تۆخترو زەقتر دەبێت، بۆیە ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییەی خەڵکی ناوەڕاست و خواروووی عێراق، لە خۆڕا نییەو ئەنجامی ئەو هەموو کەموکوڕی و بێ سەروبەرییە کە دۆخەکەی بەم ئاستە گەیاندووە کە خەڵکی، بڕێتە کوچەو شەقام و مەیدانەکان بە ئاشکرا ناڕەزایی دەربببڕێت و سڵ لە گوللەو تووندوتیژی هێزە ئەمنییەکان نەکات و بەڕەو ڕووی مەرگ ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی داواکارییەکانی خۆپێشاندەران ڕەوایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خاڵ و داواکاریی لاوازی تێدایە کە لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە

یەکەم داواکاری گەڕانەوەی سیستەمی سەرۆکایەتی.

عێراق دوای ڕووخانی نیزامی مەلەکی لە 1958 تا 2003 لەلایەن حوکمڕانی دیکتاتۆرو تاکە کەسییەوە، بەڕێوە دەبرا کە دەکاتە 45 ساڵی بەردەوام کە دیکتاتۆر لەدوای دیکتاتۆر دەهات هەتا دەهاتیش خراپ و خراپتر دەبوو، کە تا ئەو ڕۆژەی ئەو سیستەمە لەگۆڕنرا، سیستەمی سەرۆکایەتی بوو، سەرۆک بەتەنیا وڵاتی بەڕێوە دەبرد ئایا ئەو جۆرە سیستەمە تاکە کەسییە پێویستی بە ئەزموونێکی تر دەکات؟

هەرچەندە لە 2003یشەوە کە حوکمڕانی بەحساب بەجۆرێکی تر بوو بەڵام ئەویش بەگشتی هەر لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە کە هەموو دەسەڵاتێکی پێدرابوو هەر دەچووە قاڵبی تاکە کەسییەوەو نموونەی نوری مالکی لەبەرچاوە کە زۆربەی پۆستەکانی بە تەنیا خۆی بەڕێوە دەبرد.

خاڵی دووەم گۆڕینی دەستوورە، ئەم دەستوورەی ئەمڕۆ یەکێکە لەباشترین دەستوورەکانی عێراق و بگرە ناوچەکەش کە تاڕادەیەکی زۆر مەودای بۆ جۆرێک لە دیموکراسیەت ڕەخساندووەو سیستەمی فیدراڵی ئەگەرچی تەنیا لەهەرێمی کوردستانیشە، داڕشتووە کە پەیوەندی نێوان گەلی کوردو عێراق تاڕادەیەکیش بێت بە یاسایی کردووەو مافەکانی تێدا پاراستووە.

خۆ ئەگەر خاڵی لاوازو نابەجێ لەم دەستوورەدا هەبێت کەس لاری لەگۆڕینی نییە، بەڵام ئەمەش خاڵێکی لاوازە گەر داوای گۆڕینی تەواوی دەستوور بکرێت.

خاڵێکی تری لاواز داوای نەهێشتنی پەرلەمانە، پەرلەمان بەهەموو کەموکوڕییەکیەوە زامنی دووبارە نەبوونەوەی دیکتاتۆریەتە چونکە نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی عێراق و حزبە جۆراوجۆرەکانی هەریەکەو بەپێی پێگەی جەماوەری خۆی، تێدایە کە دەتوانرێ ڕێگربێت لەهەڵەو پێشێلکاری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئیدی ئەم دەستگا گرنگە بۆ نەمێنێ؟

خاڵی هەرە لاوازی ئەم داواکارییانە لەکاتێکدایە کە عادل عەبدولمەهدی لەهەموو ئەوانەی پێش خۆی باشترو دیموکراتیتر بووەو شیاوتربووە کەچی ناوەڕاست و خواروووی عێراق وەک دەڵێن گڕی گرتووە؟

سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان:

## یاریدەدەرەکان بە هیچ شێوەیەک بەدیلی وەزیرەکان نین



د. ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕوونکردنەوەی دەربارەی لێدوانی لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

## عێراق.. داوای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ دژبە خۆپیشاندەران دەکرێت



کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق داوای کرد لێکۆڵینەوە لە ئەو گازە فرمێسکڕێژە بکرێت کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێنراوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

گۆتەبێژی فەرمی پارتی:

## تاکو ئێستا یەکێتی ناوی کاندیدەکانی خۆی بۆ پۆستەکانی خوار وەزیرەکان ئامادە نەکردووە



لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە خەبات تیایدا ئامادەبوو و لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارەدێی پیرمام بەڕێوەچوو، مەحمود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق خستەڕوو، هەروەها تیشکی خستە سەر ڕێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتی و پرکردنەوەی ئەو پۆستانەی حکوومەتی هەرێم کە تاوەکو ئێستا بەهۆی بە بەتاڵی ماونەتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

## کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان چوارەمین فیستیڤاڵی هەنگوین ساز دەکات



لەژێر دروشمی (هەنگوینی کوردستان باشترینە) کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، چوارەمین فیستیڤاڵ هەنگوین ساز دەکات لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

# سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی سەلاح بەدرەدین دەکات

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕێز سەلاح بەدرەدین**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکار و خزمان و دۆست و ئاشنایانتان دەکەم.

لە خودای گەورە داواکارم ئارامی و سەبوری بە هەموو لایەکتان ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

**مسعود بارزانی**

**2ی11ی2019**

# نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە سلێمانی و سنە دەکات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت بە چوونی هەردوو شاری سنە و سلێمانی بۆ نێو لیستی شارە داهێنەرەکانی یونسکۆ و دەڵێت، شانازییە و زۆر خۆشحاڵی کردم.

رۆژی پێنجشەمە و لە رۆژی جیهانیی شارەکاندا کە سااڵنە لە 31ی تشرینی یەکەم بەڕێوەدەچێت، رێکخراوی یونسکۆ 66شاری جیهانی خستە نێو لیستی شارە داهێنەرەکانی جیهانەوە، کە یەکێکیان سلێمانییە و وەکو شاری ئەدەب دەستنیشانیکردووە و ئەوی دیکەشیان سنەیە وەک شاری داهێنەر لە میوزیک.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ سلێمانی رایگەیاند: دەستنیشانکردنی سلێمانی وەک شارێکی داهێنەری ئەدەبی لە یونسکۆ شانازییە و زۆر خۆشحاڵی کردم. بەگەرمی پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە ئەدیبان و نووسەرانی سلێمانییی خۆشەویست دەکەم.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا پیرۆزبایی لە سنەش دەکات و رایدەگەیێنێت: پیرۆزبایی و دەستخۆشی بۆ هونەرمەندانی سنەی ئازیز کە وەک شاری داهێنەری میوزیک دەستنیشانکرا. هۆکاری چوونە نێو ئەو لیستە بۆ شاری سلێمانی پێشکەوتنی بووە لەڕووی ئەدەبییەوە و هۆکاری چوونی سنەش بۆ نێو لیستەکە پێشکەوتنی بووە لە بواری میوزیکدا لەم ساڵانەی رابردوو.

## سەرۆکوەزیرانی کوردستان دەیەوێت کارەکانی بە بەرنامە بەڕێوە بچن و رای جیاواز هەبێت

# گوتەبێژی فەرمی پارتی: تاکو ئێستا یەکێتی ناوی کاندیدەکانی خۆی بۆ پۆستەکانی خوار وەزیرەکان ئامادە نەکردووە

## ئەو دەستکەوتانەی کە کورد بەدەستی هێناون و لە دەستووردا جێگایان کراوەتەوە بە خوێن و خەبات هاتوونەتە دی



**پێرمام – بڕیارکێبی**

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە خەبات تیایدا ئامادەبوو و لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارەدێی پێرمام بەڕێوەچوو، مەحمود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق خستەڕوو، هەروەها تیشکی خستە سەر ڕێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتی و پرکردنەوەی ئەو پۆستانەی حکوومەتی هەرێم کە تاوەکو ئێستا بەهۆی بە بەتاڵی ماونەتەوە.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەدا گوتی: ئێمە نیگەرانین لە دۆخی ئێستای عێراق و ئەو هەموو قوربانییەی خۆپێشاندانەکان، ئەو کێشانەی کە باس دەکرێن کەڵەکەبووی حکوومەتەکانی پێشووی عێراقە و بەشێکی زۆری کێشە و گەندەڵییەکان ئەو حکوومەتەی ئێستا لێی بەرپرسیار نییە، بەاڵم پێویستە دۆخەکە چارەسەر بکرێت، ئومێد دەکەین ئەو بارودۆخەی ئێستا هیچی دیکە درێژە نەکێشێت و بە لێزانی و لەخۆبووردەیی چارەسەر بکرێت، دەبێت ئەوەش باس بکرێت کە کەسانێک یاخود چەند لایەنێک هەوڵ دەدەن ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە.

ڕاشیگەیاند: ئێستا باس لە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق دەکرێت، دەستوور ئەگەر وەک خۆی جێبەجێبکرابایە، لەوانەیە ئێستا باس لە هەموار و دەستکاریکردنی نەکرابایە، کێشە لە خودی دەستوور نییە، کێشە لە چۆنێتی جێبەجێکردنی دەستوورە، دەستوور ئەگەر بە ڕێککارەکەی خۆی دەستکاری بکرێت کێشەیەک دروست ناکات و کەسیش لەسەر ئەوە لاریی نابێت، بەاڵم خەڵکی کوردستان ئاگادارین لەوەی کە دەستکاریکردنی دەستوور نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هەروەها دەبێت سیاسەتمەدارنی عێراق ئەوە بزانن کە ئەو دەستکەوتانەی کە ئێمە بەدەستمان هێناوە و لە دەستوور جێگایان جێبەجێنەکراوە.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە ئەوەش کرد کە یەکێتی تا ئێستا ناوی کاندیدەکانی خۆی بۆ بەرکەوتەی حزبەکە لە پۆستەکانی خوار وەزیرەکان نەداوەتە حکومەمەت، کە ئەمە کەموکوڕی لە ڕووی ئیداریییەوە دروست کردووە، گوتیشی: ڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی یەکێتی گفتوگۆی جددی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کردووە.

مەحمود محەمەد جەختیشیکردەوە پێمان باش بوو بیانگوتایە لە کوێ جێبەجێ نەکراوە؟ لە جیاتی ئەوەی ئێمە و خەڵک نیگەران بکەن، چونکە خەڵک بە جێبەجێکردن دڵنیایی و بە جێبەجێنەکردنیشی نیگەرانی پەیدا دەبن لە مانگی 8ی رابردوو داوامان لە یەکێتی کردووە کۆبوونەوەیەک بکەین، مەبدەئییەن لەسەر کات و شوێنەکەش ڕێککەوتین، بەاڵم یەکێتی داوای کرد کۆبوونەوەکە دوا بخرێت و تا ئێستاش نەکراوە.

مەحمود محەمەد ڕاشیگەیاند کە سەردەمی پەنجا بە پەنجای پارتی و یەکێتی کۆتایی هاتووە و یەکێتیش ئەوەی قبوڵکردووە، سەرۆکی حکوومەت سەرۆکی حکوومەتە و وەزیرەکانیش وەزیرن، کاتێک وەزیر هی یەکێتی و پارتی و گۆڕان و لایەنەکانە، تەنیا بۆ دروستکردنی کابینەکەیە، بەاڵم کە دروست کرا، وەزیری یەکێتی و پارتی و گۆڕان نامێنێت، بەڵکو وەزیری هەرێمی کوردستان دەبێت و بە پێویستیشی زانی هەموو لایەک هەوڵ بدەن حکومڕانییەکی دروست کە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بگرێتەوە و لە چوارچێوەی قانوندا بێت، هەبێت.

مەحمود محەمەد ئاماژەی بە ڕێککەوتنی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت کرد و ڕایگەیاند، پارتی داوا دەکات بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنانە هەڵسوکەوت بکەن کە لەگەڵ لایەنەکان کراوە، پێمانباشە لایەنەکانیش هەروا ڕەفتار بکەن و زۆنەکان نەمێنن، شاندی ئەملا و ئەولاش کە هەندێکجار بەبێ پرسی حکوومەت سەردانی بەغدا و شوێنەکان دەکەن، نەمێنێت.

لە وەاڵمی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان، ئاخۆ لەبارەی ڕێککەوتنەکانی پارتی لەگەڵ لایەنەکان بەتایبەتیش یەکێتی، چۆن گەرەنتیی ڕێککەوتنەکان دەکەن؟ مەحمود محەمەد گوتی: ئۆرگانەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی ڕێککەوتن دەکەن، ئێمە هەروامان کردووە، پێمان باش نەبووە لەگەڵ کەسەکان مامەڵە بکرێت، بەڵکوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی مامەڵەمان کردووە و دەکەین. سەبارەت بە گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووک و کردنەوەی بارەگاکانیان لەو شارە و چۆنیەتی چوونەوەکەش، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: لێژنەیەکمان هەیە و قۆناغێکی باشی بڕیوە، هەندێک ئاستەنگی چاوەڕوانکراو هەبوون، ماوەتەوە سەر دۆخی بەغدا کە دەزانین چۆنە.

لەبارەی ئەوەی لە هەندێ دەزگا و شوێن باسی یاریدەدەرەکانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆ ئەمە وەاڵمی پارتی چییە مەحمود محەمەد گوتی : گوتوویانە ئەمە حکوومەتێکی بچووکە، بەاڵم پێمانوایە کە سەرۆکوەزیران دەیەوێت کارەکانی بە بەرنامە بەڕێوە بچێت و دەیەوێت رای جیاواز هەبێت و لەو بۆچوونە جیاوازانە یەکێکی باش وەربگرێت کە دەتوانێت خزمەت بکات. هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارەکانی بە دیراسەکراوی زانستییانە ئەنجام بدات، ئەمانە نیشانەی حکوومەتی بچووک نین، بەڵکو ئەم دەسەاڵتانەی هی خۆیەتی بە یاریدەدەرەکان و ڕاوێژکارەکانی داوە، دەسەاڵتی جێگری سەرۆک وەزیران و هیچ وەزیرێکی یەکێتی و پارتی و گۆڕانی بە یاریدەدەر یان ڕاوێژکارەکانی یاریدەدەر یان ڕاوێژکارەکانی نەداوە، بەڵکو لە دەسەاڵتە یاساییەکانی خۆی، بەشێکی بە یاریدەدەر و ڕاوێژکارەکانی بدات.

# پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سیاسەتوانی ناسراوی رۆژئاوای کوردستان سەلاح بەدرەدین

**بەڕێز مامۆستا سەلاح بەدرەدین**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتانم بیست. پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەم و، ئومێدەوارم خوای مەزن ، بە بەهەشتی شاد بکات و، ئارامی و دڵنەواییش بە ئێوە ببەخشێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

**2019/11/1**

# پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو شاری سلێمانی و سنە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە ڕووناکبیر، داهێنەر و دانیشتوانی سلێمانی و سنە بەبۆنەی دەستنیشانکردنیان وەک دوو شاری داهێنەر دەکات.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی دەستنیشانکردنیان وەک دوو شاری داهێنەر لە ئەدەب و میوزیک لە لایەن ڕێککخراوی یونسکۆوە، پیرۆزباییەکی گەرم لە ڕووناکبیر و داهێنەر و دانیشتوانی هەردوو شاری خۆشەویستی سلێمانی و سنە و پارێزگارەکانیان دەکەم .

هیوادارم ئەم دەسکەوتە ببێتە هاندەرێک بۆ پەرەپێدانی زیاتر بە بواری ئەدەب و هونەر و بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

**2019/11/1**

## سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

# پابەندین بە جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگەی مەرجەعی باڵای شیعە

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاند کە بە تەواوی پابەندن بە جێبەجێکردنی ئەو نەخشە ڕێگەیەی کە مەرجەعی باڵای شیعە، عەلی سیستانی داینراوە و جەخت دەکاتەوە لەسەری ئەوەی کە بەبێ هیچ فشارێکی دەرەکی، هەروەها ئیرادەی کەسی و پارتەکان، بەچڕی کار دەکەین لە پێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران.

ڕۆژی هەینی مەرجەعی باڵای شیعە لە عێراق، عەلی سیستانی دەستوردانەکانی دەرکی لە خۆپیشاندانەکاندا ڕەت کردبوویەوە و گوتبووی: هیچ کەس یان گرووپێک یان لایەنێکی دیاری کراوە یان هەر لایەنێکی هەرێمیی و نێودەوڵەتی بۆی نییە دیدو بۆچوونی خۆی بەسەر ئیرادەی عێراقییەکاندا بسەپێنێت.

محەمەد حەلبوسی ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: ئەنجوومەنی نوێنەران بەردەوام دەبێت لە سازکردنی دانیشتنەکانی لەپێناو جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگەی مەرجەعی باڵای شیعە بۆ ئەوەی لە سایەیدا داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکرێت و ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی، ئاسایش و ئاشتی بۆ گەل و وڵات.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ئەوەشی گوتووە: بە جدی و چڕی کار دەکەین بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەویش بە شەراکەت لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، کەسانی شارەزا و ئەکادیمی کە لە میانیدا هەوڵدەدەین کێشە و گرفتەکان لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی بگیرێتەبەر دیاری بکەین.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە بەبێ هیچ فشارێکی دەرەکی، هەروەها ئیرادەی کەسی و پارتەکان، بەچڕی کار دەکەین لە پێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران.

# نێچیرڤان بارزانی: کێشەی سەرەکی لە عێراقدا فەرامۆشکردنی دەستوورە

## کۆمەڵگەی کوردستان خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندی ژیاندۆستی و نەریت و بەهای جوانی مرۆڤایەتییە

## هاووڵاتی و بەها مرۆییەکان، دەبێ چەقی ئامانج و مەبەستەکانی دەستوور بێت

سەرلەبەیانیی رۆژی پێنجشەممە 31/10/2019 لە هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خاتوو ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتارانی کوردستان و یاساناس و پارێزەران، ڕێورەسمی شەشەمین کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەڕێوە چوو. لە ڕێورەسمەکەدا دوای پێشکەشکردنی چەند وتارێک لەلایەن ئامادەبووانەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد. ئەمە دەقەکەیەتی:



**ئامادەبووانی بەڕێز..**
**بەیانیتان باش..**
**بەخێر بێن.. هەموو لایەکتان زۆر بەخێر بێن**

خۆشحاڵم ئەمڕۆ پێکەوە بەشداری لە ڕێورەسمی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەکەین. بە گەرمی پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندامانی سەندیکای پارێزەران دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، جگە لە کاری سەندیکاییی خۆی، لە ئەرکە نیشتیمانیەکانیشدا ئامادەیی بەرچاوی هەبووە، هەر لە بەشداریی ئەندامانی لە هەڵبژاردنە یەک لە دوا یەکەکانی کوردستان بە سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی وێستگە و بنکەکانی دەنگدانەوە، تا هاوکاریکردن لە ئامادەکردنی چەندین پرۆژەیاسای گرنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەرکی دیکەی نیشتمانی، وەک داکۆکیکردن و پاراستنی خۆبەخشانەی مافەکانی ئەنفالکراوان، هەوڵەکانیان بۆ بەجێنوسایدناساندنی ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بە گەلی کوردستان کراون، هەروەها ئامادەییان بۆ داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا، ئەمانە هەموو ئەو شتانەن کە جێی شانازیی ئێمە و جێی شانازیی خۆیانن و دەستخۆشییان لێدەکەم و سوپاسیان دەکەین.

**ئامادەبووانی بەڕێز..**

کۆمەڵگەی دروست و پێشکەوتوو، زادەی کولتوورێکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤدۆستانەی سەردەمیانەیە کە دەستوور و یاسای گونجاو لەگەڵ ئەو کولتوورە، چوارچێوەی ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی تێدا دیاری دەکەن. کۆمەڵگەی کوردستان، خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندی ژیاندۆستی، نەریت و بەهای جوانی مرۆڤایەتییە. وێڕای شانازیکردنی بە ناسنامە و ڕەسەنایەتیی خۆیەوە، ئامادەیی و مەیلێکی بەهێزیشی بۆ کرانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتن، هەیە.

لە کوردستان هەمیشە هەوڵ دراوە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەها مرۆییەکان، لە یاسا و بڕیارەکاندا ڕەنگ بدەنەوە. چەندین یاسای گرنگی تایبەت بە بواری یەکسانی و نازادیی سیاسی، ئایینی و نازادیی ڕادەربڕین، چەندین بڕیاری گرنگ بۆ ڕێگری لە تۆندوتیژی، داکۆکی لە مافی ژن و منداڵ دەکراون و کاریان پێ دەکرێت.

بەبێ سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، مەحاڵە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دروست ڕێکبخرێت و بەڕێوە ببرێت. ئێمە دەمانەوێت و مەبەستمانە کۆمەڵگای کوردستان بە دروستترین شێوە ڕێکبخرێت، بۆ ئەوەی کوردستانییان ژیان و گوزەرانێکی شایستەیان هەبێت.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەکات. سەندیکای پارێزەرانیش دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لەم بوارەدا ببینێت. سەروەریی یاسا، دڵنیایی دەبەخشێتە هەر تاکێک کە ژیان و مافەکانی پارێزراو دەبن. یەکسانی و دادپەروەری لە جێبەجێکردنی یاساکاندایە بە کردەیی پێویستە ڕەنگ بداتەوە، هەر بۆیە بە ئەندازەی گرنگیی خودی یاساکان، جێبەجێکردن و کارپێکردنیان بە شێوەیەکی دروست، گرنگن بۆ ولاتەکەمان.

جێبەجێکردنی یاسا، چەند ئەرک و بەرپرسیارێتیی دامەزراوەکانی جێبەجێکردنە، هێندەش ئەرک و بەرپرسیارێتیی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە. یاسا بەبێ جێبەجێکردن، هەرچەند یاسایەکی دروست و گرنگیش بێت، لە دەقێکی نووسراوی مردوو زیاتر، هیچی دیکە نابێت.

ئێوەی پارێزەران، یاساناس و مافپەروەران، وەک دەستەبژێرێکی دیاری کۆمەڵگا، وێڕای هۆشیاریی کار و ڕۆڵی سەندیکایی، لە بواری ڕۆشنبیریی یاساییشدا، خاوەن زانیاری و ڕوانگەی خۆتانن. لە بواری بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو کۆمەڵگادا، ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی گرنگتان لە سەر شانە.

ئێمە پێویستمان بە هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەکی سەردەمیانە هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ یاسا و جێبەجێکردنیدا، بە جۆرێک ڕێزگرتن لە یاساکان و جێبەجێکردنیان لای هەر تاکێک، وەک بەهایەکی ئەخلاقی و ئەرکێکی نیشتمانیی گرنگ بناسرێت. دەبێ یاسادۆستی ببێتە پێوەرێک بۆ دڵسۆزی. ئێمە بۆ ئەوەی دۆستی خۆمان بین، بۆ ئەوەی دۆستی ژیان بین، دەبێ دۆستی ئەو یاسایانە بین کە بە پاشخانێکی مرۆڤدۆستانەوە ژیانمان ڕێکدەخەن. دەبێ نەوەکانی ئاینندە بەم هۆشیارییە گۆش بکرێن و لەنێو خێزان، لە سیستمی پەروەردە و لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، شوێنێکی گرنگی پێ بدرێت.

**پارێزەرانی بەڕێز..**

ئێوە دەزانن کوردستان پێویستی بە دارشتنی دەستوورە و ئەوەش یەکێکە لەو ئەرکە نیشتمانییانە. دەستووری شیاو بۆ هەرێمی کوردستان وەک دایکی یاساکان، دەستوورێکە ڕەنگدانەوەی پاشخانە کولتووری و خواستە سەردەمییانەکەی کۆمەڵگا بێت بۆ پێشکەوتن و کرانەوەی زیاتر، کە هاووڵاتی و بەها مرۆییەکان، چەقی ئامانج و مەبەستەکانی بن. تێدا هیچ بەهایەک لەسەرووی بەهای مرۆڤ و نرخی ژیانەوە نەبێت. جیاوازییەکان وەکو یەک ڕێزلێگیراو بن، مافی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تێدا پارێزراو بێت و هیچ جیاکارییەک لەسەر بنەمای ئایینی و مەزهەبی، سیاسی و ئایدیۆلۆژی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و ئاستی کۆمەڵایەتی، لە دەستوورەکەماندا بوونی نەبێت. لەم لایەنەوە، پارێزەران و یاساناسان، دەتوانن بەشداریی کارایان هەبێت و یارمەتیی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن.

سەبارەت بە دەستووری عێراق و ئەو گفتوگۆیەی لەوبارەیەوە دەکرێت، دەمەوێ ئەوە بڵێم: ئەو دەستوورەی بۆ عێراقی نوێ دانرا، بە بەراورد لەگەڵ دەستووری زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، بە دەستوورێکی پێشکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام جێبەجێنەکردنی بەندەکانی، دۆخێکی وای خوڵقاند کە ئێستا قسە لەسەر هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت، لە کاتێکدا کێشەی سەرەکی، دەستوور نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی لە عێراقدا، فەرامۆشکردنی ئەو دەستوورەیە.

دەبێ لای هەمووان ڕوون بێت کە دەستووری عێراق بە هەر دەستکاریکردنێکەوە، دەبێ ڕەنگدانەوەیەکی دروست و واقیعییانەی سەرجەم جیاوازی و تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی بێت و مافی ڕەوای هەموانی تیادا سەلمێنرابێت.

ئێمە ڕێگری لە هیچ هەمواڕێک ناکەین کە لەپێناو باشترکردنی ژیان و باشترکردنی بەڕێوەبردندا بێت لە عێراق، بەڵام هەر هەموارێک نایەکسانی دروست بکات و زیان بە دیموکراسی و فیدرالی بگەیەنێت، دژی بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و گەلی عێراقە و بە هیچ شێوەیەکیش لەگەڵ داخوازییەکانی خۆپیشاندەراندا یەک ناگرێتەوە. گەلی عێراق باشترکردنی بەڕێوەبردن و ژیان و گوزەرانی دەوێت، نەک ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخی عێراق.

عێراق پێویستی بە سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی هەیە و کێشە و قەیرانەکان بە تێکچوونی ئارامی و سەقامگیری چارەسەر نابن، بەڵکوو ئاڵۆزتر دەبن. کێشە و قەیرانەکانی عێراق، کەڵەکەبووی هەڵە و خراپیی بەڕێوەبردنی ساڵانێکی دوور و درێژی حکوومەتەکانن، هیچ حکوومەتێک ناتوانێت لە ساڵێکدا چارەسەری ئەو کێشانە بکات.

بەرژەوەندیی نیشتمانیی عێراق و پێکهاتەکانی، بە کاری پێکەوەیی و هاوکاریی هەموو لایەنەکان دەکرێت. پاراستنی ئێستا و داهاتووی عێراق لە ئەستۆی هەمووانیە. دیالۆگ و لێکگەیشتن باشترین ڕێگەی چارەسەرین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان پشتگیری لە هەنگاو و بڕیارەکانی حکوومەتی عێراق بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕییەکان دەکەین.

لە کۆتاییدا دەمەوێ جارێکی دیکە دەستخۆشی لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بکەم بۆ هەموو ئەو کار و تێکۆشانەی ئەنجامیان داوە لەپێناو داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی پارێزەرانی کوردستان و ئەرکە نیشتیمانیەکانیاندا.

هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ سەندیکاکەتان دەخوازم، دڵنیاشتان دەکەمەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک پشتیوان و هاوکارتان دەبێت بۆ سەرخستنی ئەرک و ئامانجەکانتان.

دووبارە پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنگرەیەتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتان و کۆنگرەکەتان دەخوازم.

زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

# عێراق.. داوای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ دژبە خۆپیشاندەران دەکرێت



کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق داوای کرد لێکۆڵینەوە لە ئەو گازە فرمێسکڕێژە بکرێت کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێنراوە.

کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردووە کە تیمەکانیان چەندین حاڵەتی بەکارهێنانی گازی فرمیسێکرێژیان لە میانی خۆپیشاندانەکاندا تۆمارکردوو کە ئەوە دەسەلمێنێت ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر بە هۆی گازی فرمیسێکرێژەوە بریندار بوون.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو ئەو گازە فرمێسکرێژانەی کە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاردەهێندرێت کە ڕاستەوخۆ بۆ ماوەیەک کاریگەری لەسەر جەستەی بەرکەوتووان دروست کردووە کە تەنانەت ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران بەهۆی بەرکەوتنیان بە گازی فرمیسکرێژ گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە دەرکەوتووە ژمارەیەک خۆپیشاندەر لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە گازی فرمیسکرێژ گیانیان سووتاوە و بەپێی ئەوەی تیمەکانی پزیشکی رایانگەیاندووە ڕۆژانە لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا 50بۆ 200 خۆپیشاندەر بە هۆی گازی فرمێسکرێژەوە بریندار دەبن.

کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتەکەدا داوای کردووە لێکۆڵینەوە لە سروشتی ئەو گازە فرمێسکرێژە بکرێت کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێنراوە و دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەندرێت.

هاووڵاتییانی عێراق لە شاری بەغدا و ژمارەیەک شاری ناوەڕاست و باشوور، خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و داوا دەکەن حکوومەت دەستلەکارکێشێنێتەوە.

خۆپیشاندەران لە یەکی تشرینی یەکەمدا دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و دواتر بە هۆی ڕێورەسمەکانی ئەربەعینیەوە خۆپیشاندانەکانیان وەستاند، دواتر هەفتەی ڕابردوو دەستیان پێکردەوە و لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەتایبەتی بەغدای پایتەخت خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن.

سەرەتا خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاریان دەکرد، بەڵام لەئێستادا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت دەکەن.

### ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی لێدوانەکانی وتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

# یاریدەدەرەکان بە هیچ شێوەیەک بەدیلی وەزیرەکان نین

## حکوومەت پابەندە بەوەی کە نابێت کەس لە سەر بیروڕای سیاسی بگیرێت

## ڕێژەی هەندێک لایەن لە پۆستە کارگێرییەکان زۆر زیاترە لە ئیستحقاقی ئینتخابی و ژمارەی کورسییەکانیان

## جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان لە هەموو وردەکارییەکانی پرۆسەی نەوت و گاز لە هەرێم ئاگادارن

د. ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەم ڕوونکردنەوەیەی دەربارەی لێدوانی لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا:

سەبارەت بەو لێدوانانەی بەڕێز لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەربارەی ئەو تێبینیانەی لە ڕاگەیاندنەکان خستیەڕوو، بە پێویستی دەزانین لە بارەی ئەو خاڵانەی باسی کردن، ڕوونکردنەوەی پێویست لەمبارەیەوە بدەین.

بێگومان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەک لایەنێکی سەرەکی هاوبەش لە حکوومەت، دەتوانێت سەرنج و تێبینیەکانی خۆی کە تایبەتن بە بابەتە سیاسییەکان، لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان تاوتوێ بکات، بەڵام ئەو تێبینیانەی کە بەڕێزیان ئاماژەی پێدان و پەیوەستن بە حکوومەتەوە، پێمانخوشە ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بدەین:

### کارنامە و ئەجێندای کابینەی نۆیەمی حکوومەت:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو بەرنامە و ئەجندایەیە کە پێشکەشی پەرلەمان و خەڵکی کوردستانی کردووە کە ئەجندایەکی هاوبەشی هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکوومەتە، بۆیە داواش لە هەموو حیزبەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەین کە پشتیوانی حکوومەت بن بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی و ئەنجامدانی چاکسازی بۆ ئەوە بتوانێت بە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو هاوواڵاتی هەرێمی کوردستان بکات.

بەداخەوە مەکتەبی سیاسی هێندێک لە حیزبەکان بە پێچەوانەی دروشمەکانیان، لە کاتێکدا داوا دەکەن حیزبەکان دەست لە کاروباری حکوومەت وەرنەدەن. بەڵام کاتێک بەرژەوەندییەکانی خۆیان دێتە بەر باس، بە هەموو شێوەیەک فشار لە سەر حکوومەت دروست دەکەن و دەستێوەردان لە ئیشوکاری دەکەن و مەرج بۆ چۆنێتی ئیشکردنی حکوومەت دادەنێن.

### دەربارەی پۆستەکان:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەر هەر هۆکارێک بێت تا ئێستا تەواوی کاندیدەکانی خۆی بۆ ئەو پۆستانەی تائێستا ماون دیاری نەکردووە تا حکوومەت بەپێی ڕێککەوتنەکان دایانبمەزرێنێت. هیوادارین یەکێتی نیشتمانی کوردستان بتوانێت تەواوی کاندیدەکانی خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ ئەو پۆستانەی بەریان دەکەوێت .

### یاریدەدەرەکانی سەرۆک وەزیران:

سەبارەت بە دانانی یاریدەدەرەکانی سەرۆک وەزیران. ئەم بابەتە لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانە و هیچ دەقێکی یاساییش نییە لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە 3لە ساڵی 1992هەموارکراو یان لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە 1ی 2006 هەموار کراو ، کە ڕێگری بکات لەوەی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یاریدەدەری هەبێت، هەروەها یاریدەدەرەکان بە هیچ شێوەیەک بەدیلی وەزیرەکان نین، بەپێچەوانەوە یارمەتیدەر و ئاسانکاریی بەڕێوەچوونی کارەکان دەکەن، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک کارێکی نایاسایی نییە و، بەپێچەوانەی ئەو پرۆپاگەندانەیە کە گوایا حکوومەتێکی بچووککراو لە ناو حکوومەتدا دروست کرابێت .

### ئەنجوومەنی نەوت و گاز:

جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان کە ئەندامی ئەنجوومەنی نەوت و گازن. لە هەموو وردەکارییەکانی پرۆسەی نەوت و گاز لە هەرێم ئاگادارن. لەلایەکی دیکەوە لە کۆبوونەوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کاتی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، هەردوولا ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی نەوت وگاز، بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو بابەتە پاشگەز بووەتەوە.

### گرتنی هاووڵاتیان لە سەر بیروڕای سیاسی:

دووپاتی دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دژی گرتنی هاووڵاتیانە لە سەر بیروڕای سیاسی و پێویستە لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خەڵک لە سەر بیروبۆچوونی سیاسی دەستگیر نەگرێت، لەمبارەیەشەوە حکوومەت پابەندە بەوەی کە نابێت کەس لە سەر بیروڕای سیاسی بگیرێت. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەر کەسێک تاوانێک ئەنجام بدات، بێگومان ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە و، ئەندامبوونیشی لە لایەنێکی سیاسی، پارێزبەندی بەرامبەر بە یاسا پێ نابەخشێت .

### نۆێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا:

سەبارەت بەوەی گوایە لە کابینەی نۆیەمدا نۆێنەرایەتی حکوومەت لە بەغدا وەک ناوەندێک لە ئاستی وەزارەت دروست کراوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە نۆێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لە ساڵی 2006ەوە دامەزراوە و، لەو کاتەوەش سەرۆکەکەی بە پلەی وەزیرە. ئەوەی ئێستاش کراوە تەنیا پرکردنەوەی ئەو پۆستە و، چالاککردنەوەی ئەو دەزگایەیە. هەروەها سەبارەت بەوەی گوایە دەبوو وەزیرێکی هەرێم بۆ کاروباری پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا دەستنیشان بکرێت، بۆ ئاگاداری هەموو لایەک، هیچ دەقێکی وا نییە لە ڕێکەوتنەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، کە وەزیرێکی هەرێم هەبێ بۆ کاروباری بەغدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە ڕوانگەی باوەڕبوونی بە توانا کانی بەڕێز خالد شوانی، بەڕێزیانی ڕاسپارد کە وەکو وەزیری هەرێم بۆ سەرجەم کاروباری دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەستبەکار بێت .

### پشکی لایەنەکانی بەشدار لە حکوومەت:

ئەگەر باسی پشکی لایەنە سیاسییەکانیش بکەین لە پۆستەکانی حکوومەت کە سەرجەم داتاکان لە بەر دەستن، ڕێژەی هەندێک لایەن لە پۆستە کارگێرییەکان (بریکاری وەزیر، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی) زۆر زیاترە لە ئیستحقاقی ئینتخابی و ژمارەی کورسییەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان .

### لەکۆتاییدا دەڵێین:

سەرجەم ئەنجوومەنی وەزیران بە ڕوحییەتێکی ئیجابی و بنیاتنەرانە و وەک یەک تیم کار دەکەن، و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بە کۆی دەنگ دەردەچن، بۆیە داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکەین کە هاندەر وپاڵپشتی ئەو کەشە ئیجابیە بکەن کە لە کابینەی نۆیەمدا لە ئارادایە .





### هادی عامری:

## سیستمی پەرلەمانیی لە عێراق شکستیهێناوە

سەرکردەی هاوپەیمانیی فەتح، هادی عامریی ئاشکرایکرد سیستمی پەرلەمانی لە عێراق شکستیهێناوە و پێویستە پێداچوونە بە پرۆسەی سیاسیی بکرێت بە ئامانجی کۆتاییهێنان ناڕەزایەتییەکانی ئێستا.

هادی عامریی لە ڕاگەیەنراوێکدا دەڵێت، چارەسەرکردنی قەیران و ناڕەزایەتییەکانی ئێستا دەکرێت بە دانانی سیستمێکی سیاسیی نوێ لەژێر چەتری دەستوور و لە ڕێگەی هەموارکردنەوەیەوە ئەنجامبدرێت.

عامری ئاماژەی بەوەکردووە سیستمی پەرلەمانیی شکستی خۆی سەلماندووە و هیچ سوودێکی نابێت، بۆیە پێویستە بە سیستمێکی دیکە بگۆڕدرێت.

ڕاشیگەیاندووە: حکوومەتە خۆجێییەکان (ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان) بەهەمان شێوە شکستی خۆیان سەلماندووە، هەربۆیە دەبێ هەڵبوەشێنەوە و پارێزگار ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت.

هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامریی دووەم گەورەترین فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و زۆرینەی باڵە سیاسییەکانی سەربە گرووپەکانی حەشدی شەعبی لەخۆدەگرێت. جێی ئاماژەیە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ڕێبەری ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر داوای لە هادی عامریی کردبوو هاوکارییبێت لە لابردنی حکوومەتی ئێستای عێراق، بەڵام عامریی بەدەم داواکەی سەدرەوە نەچوو.

### سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

## هەڵبژاردنی پێشوەخت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت

### عێراق لە ڕێگای دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکەکان نقووم بووە لە گەندەڵی



سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، دەنگۆی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە عێراق هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت، چونکە کێشەکان، کێشەی هەڵبژاردنەکان نین، بەڵکو کێشەی سیستمی بەڕێوەبردنی حوکمڕانین.

سەربەست مستەفا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: ئەگەر دانانی دەستەیەکی نوێ بۆ کۆمیسیۆن لەسەر شێوازی جاران بێت، ئەوا هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. ئەگەر نیازیان وا بێت، کە دانانی دەستەیەکی نوێ لە ڕیگای پەرلەمانەوە بێت، ئەوا هەر دەبێتە موحاسەسەی حزبی، پێویستە ڕێگایەکی نوێ بدۆزنەوە لە دەرەوەی پەرلەمان ئەو دەستەیە دەستنیشان بکرێت، بۆ نمونە، لە ڕیگای UNەوە بێت، یان سەرۆککۆمار، یان سەرۆکوەزیر، یانیش ئەنجوومەنی دادوەری ئەو ناوانە پەسەند بکات و، مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراقی تێدا پارێزراو بێت."

سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق گوتی: عێراق لە ڕێگای دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکەکان نقووم بووە لە گەندەڵی، ئێستاش خۆپێشاندان دەکرێت، بەڵام دەستی دەرەکی و حزبیش کەوتوونەتە نێو خۆپێشاندەران و هەندێک لایەن دەیانەوێ خۆپێشاندەران بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن.

سەربەست مستەفا دەشڵێ: بابەتەکە گۆڕینی ئەم کابینەیە نییە و گۆڕینی ئەم کابینەیە و نەمانی حکوومەتیش هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، بەڵکو بابەتەکە سیستەمی بەڕێوەبردنی ولاتە و ئەوە داواکاریی خەڵکە.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دا، لەو بارەیەشەوە، سەربەست مستەفا دەڵێ: ئەم بڕیارە پێچەوانەی مادەکانی دەستووری عێراقە، سیستمی عێراق سیستمی فیدرالییە لامەرکەزییە، ئێستاش پرسی عێراق هەڵوەشاندنەوە و هەمواری دەستوور نییە، کێشەکە کێشەی خەڵکە و لە کابینەکانی پێشتریشدا ئەم پرسە هەر هەبووە.

# شاندێکی زانستی و پسپۆری زانکۆی ئۆسلۆ سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد



شاندێکی زانستی وپسپۆری بواری تۆژینەوە لە سەنتەری ئیسلامناسی و لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی ئۆسلۆ سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هەڤاڵانی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشوازی کران.

تیمێک لە تۆژەرانی سەنتەری ئیسلامناسی و ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی ئۆسلۆی نەرویج کە پێکهاتبوون لە پرۆفێسۆر برینیار لیا لە فاکۆڵتی زانستی مرۆیی و دکتۆر ماتیلدا بێکر ئارسێتس سەر بە سەنتەری ناوبراو لە زانکۆی ئۆسلۆی، بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و شیکاری تایبەت بە هۆکارەکانی مێژووی سەرهەڵدانی هزری تۆندرۆیی ئایینی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هۆکار و مەترسییەکانی پەلامارادانی خەڵکی سڤیل و خاکی هەرێمی کوردستان کە لە ئەنجام دا پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید بەرامبەر بە کورد و کریستیانەکان و پێکهاتەکانی تری ئایینی و ئیتنی لە کوردستان، عێراق و سووریا لێکەوتەوە و بە خۆڕاگری و ئیمکانیاتی زاتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و پشتیوانی و هاوکارییەکانی سەربازی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دا تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە مەترسیدارو تیرۆریستییەی بە دوای خۆیدا هێنا کە لە سااڵنی ڕابردوو و تاب ە ئەمڕۆ ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەی کە هەموو جیهان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و شارستانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو و لە ڕابردوو دا ببووە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایش و تۆندرۆیی داعش هەر دەمێنی و پێویستە بەرەی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر فرساوانتر بکرێت. بە مەبەستی ئەنجامدانی تۆژینەوە و بەدواداچوونی زیاتر لە سەرهەڵدانی داعش و تێکشکاندنیان و هەڵسەنگاندنی قۆناغی پۆست داعش و لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی مرۆیی و ئاوارەکانی شەڕو گەشەسەندنی کەلتووری بەرزی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە هەرێمی کوردستان و بۆ ئاشنابوون بە پەرەسەندنەکانی سیاسی لە ناوچەکە دا تیمی تۆژەرانی زانکۆی ئۆسلۆی نەرویج سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لە گەشتەکەیان دا چەند دانیشتنێکیان لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ چەند بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد.

ئامانجی سەرەکی ئەم سەردانە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاوبۆچوونی بەرپرسانی کورد لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی ستراتیژی و سیاسی هەرێمی کوردستان بوون و بە جیاش سەردانی کەسایەتییەکانی سیاسی ، ئەمنی، سەربازی و پیاوانی ئایینی کریستیان و کەسایەتییەکانی خاوەن ئەزموون لەم بوارە دا دەکەن و لە ئایندە دا ئەنجامی تۆژینەوەی ئەکادیمی خۆیان و هەوڵەکانی زانستی و شیکارییان لە سەر هەرێمی کوردستان بۆ سەنتەری ئیسلامناسی و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی ئۆسلۆی نەرویج دەخەنە ڕوو و بڵاو دەکەنەوە.

هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیئوەندییەکانی دەرەوە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هەڤاڵانی پەیوەندییەکانی دەرەوە وێڕای بەخێرهاتنی شاندی تۆژەرانی زانکۆی ئۆسلۆی نەرویجی و بە گرنگ وەسفکردنی ئەنجامدانی پڕۆژەی تۆژینەوەیان لەسەر شەڕی تیرۆر و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بەرجەستەکردن و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ڕای گشتی و ناوەندەکانی زانستی و ستراتیژی و شیکاری کۆمەڵگای نەرویجی و ئەوروپیی و ناساندنی پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆسیادی کە لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بەرامبەر بە کوردانی ئیزدی و کریستیان و پێکهاتەکانی تر پەیڕەوکراوە و کاریگەرییەکانی هزری تیرۆریستانی داعش و تۆندڕۆیی ئایینی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەیدیۆلۆژیای داعش خزمەت بە مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ و ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی بەردەوامی پەلاماری تیرۆریستییەکان و مەترسییەکانیان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و جیهان دەگەیێ و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەردەوام هاوکاری و ئاسانکاری کردووە بۆ تیمەکانی ئەکادیمی و تۆژەران لە ناوەندەکانی زانستی کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان.

# هێزێکی سەربازیی ئەمەریکا گەڕایەوە قامیشلۆ و کۆبانێ

## شپیگلی ئەڵمانی: ئەڵمانیا داوای لە کوردانی وڵاتەکەی کردووە سەردانی تورکیا نەکەن

### ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ڕووسیا: لە کۆمیتەی دەستووری سووریادا نوێنەرایەتیی کورد لاوازە و دەبێت شوێنی دروستی خۆیان هەبێت



دوێنێ شەمە 2ی ئۆکتۆبەری 2019ژمارەیەکی زۆری سەربازانی ئەمەریکا گەڕانەوە بۆ شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان و بریارە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان بەڕێبکەون. بەگوێرەی کوردستان 24نیوەڕۆی دوێنێ شەمە کاروانێکی سەربازیی ئەمەریکا گەیشتنە قامیشلۆ و بریارە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان بەڕێدەکەون. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێککەوتن لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و حکوومەتی سووریادا واڵۆ کراوە و سوپای سووریا لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بلاوەی پێکراوە. ئەمەش لەکاتێکدا کە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووش کاروانێکی دیکەی سەربازیی ئەمەریکا کە پێکهاتبوو لە 17ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەرباز و 4تانک و 2 زریپۆش و 85ئۆتۆمبێلی لۆجیستی گەڕانەوە سەربازگەی ناوچەی سرین لە باشووری کۆبانی.

لە لایەکی دیکەوە حکوومەتی ئەڵمانیا داوای لەوە هاوواڵتییە کوردانەی ولاتەکەی کردووە کە ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان هەیە، سەردانی تورکیا نەکەن، گۆڤاری دیر شپیگلی ئەڵمانی بڵاویکردەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە ڕاگەیەندراوێکدا داوا لە هاووڵاتییە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دەکات، ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان هەیە، گەشت بۆ تورکیا نەکەن. گۆڤارەکە ئاشکراشی کردووە لە ماوەی مانگێدا 14هاووڵاتی کورد هاووڵاتییە کوردەکانی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیرکراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان

دوێنێ شەمە 2ی ئۆکتۆبەری 2019ژمارەیەکی زۆری سەربازانی ئەمەریکا گەڕانەوە بۆ شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان و بریارە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان بەڕێبکەون. بەگوێرەی کوردستان 24نیوەڕۆی دوێنێ شەمە کاروانێکی سەربازیی ئەمەریکا گەیشتنە قامیشلۆ و بریارە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان بەڕێدەکەون. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێککەوتن لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و حکوومەتی سووریادا واڵۆ کراوە و سوپای سووریا لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بلاوەی پێکراوە. ئەمەش لەکاتێکدا کە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووش کاروانێکی دیکەی سەربازیی ئەمەریکا کە پێکهاتبوو لە 17ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەرباز و 4تانک و 2 زریپۆش و 85ئۆتۆمبێلی لۆجیستی گەڕانەوە سەربازگەی ناوچەی سرین لە باشووری کۆبانی.

لە لایەکی دیکەوە حکوومەتی ئەڵمانیا داوای لەوە هاووڵاتییە کوردانەی ولاتەکەی کردووە کە ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان هەیە، سەردانی تورکیا نەکەن، گۆڤاری دیر شپیگلی ئەڵمانی بڵاویکردەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە ڕاگەیەندراوێکدا داوا لە هاووڵاتییە کوردانەی

دەبێت ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، ڕۆژهەڵاتناسێکیش لە مۆسکۆ، تورکیا بەهۆکاری لاوازکردنی پێگەی کورد لە سووریا تۆمەتبار دەکات.

ئەندرێی بەکۆلانۆڤ، ڕاوێژکاری جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ڕووسیا گوتی: پرسی سووریا بەبێ بەشداری ڕاستەقینەی کورد لە پێگەکانی دەسەڵات و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەلی کورد چارەسەری ئەستەمە و بەدی نایەت.

گوتیشی: لە کۆمیتەی دەستوور نوێنەرایەتیی کورد لاوازە و دەبێت شوێنی دروستی خۆیان هەبێت، ئەمە گرفتە و دەبێت چارەسەر بکرێت. پێویستە بژاردەیەک پێشنیاز بکرێت کە دیمەشق و کورد قایل بکات، بە جۆرێک کورد دەبێت لەسەر ئاستی کورد نادیدە بگرێت، پەیوەست بە هەمان پرس ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ڕووسیا بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاندووە: لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووردا نوێنەرایەتی کورد لاوازە و دەبێت ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، ڕۆژهەڵاتناسێکیش لە مۆسکۆ، تورکیا بەهۆکاری لاوازکردنی پێگەی کورد لە سووریا تۆمەتبار دەکات.

ئەندرێی بەکۆلانۆڤ، ڕاوێژکاری جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ڕووسیا گوتی: پرسی سووریا بەبێ بەشداری ڕاستەقینەی کورد لە پێگەکانی دەسەڵات و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەلی کورد چارەسەری ئەستەمە و بەدی نایەت.

گوتیشی: لە کۆمیتەی دەستوور نوێنەرایەتیی کورد لاوازە و دەبێت شوێنی دروستی خۆیان هەبێت، ئەمە گرفتە و دەبێت چارەسەر بکرێت. پێویستە بژاردەیەک پێشنیاز بکرێت کە دیمەشق و کورد قایل بکات، بە جۆرێک کورد دەبێت لەسەر ئاستی کورد نادیدە بگرێت، پەیوەست بە هەمان پرس ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ڕووسیا بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاندووە: لە کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووردا نوێنەرایەتی کورد لاوازە و دەبێت شوێنی دروستی خۆیان هەبێت

بچەسپێندرێت. چارەسەر ئەوەیە کوردانی سووریا هەست بکەن بوونیان هەیە و ڕێزیان لێ دەگیرێت. کۆمیتەی دەستووری سەرەتای هەنگاوەکانی دەستپێکردووە و ئەمە قۆناغێکی گرنگە، بەڵام کۆتایی پڕۆسەکە نییە و درەنگ یان زوو بەبێ خوێندنەوەیەکی دروست بۆ پرسی کورد کارەکانی کۆمیتەکە سەرکەوتوو نابێت. هەروەها کەنستانتین ترۆیۆفسێف، ڕۆژهەڵاتناس دەڵێ: دانوستانی ئێستای نێوان دیمەشق و کورد داهاتووی دیاریکراو والا دەکات بۆ حکوومەتی سووریا کە ئاوڕ لە بەرژەوەندی کورد بداتەوە. بەڵام ڕژدتر لە دیمەشق، تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا گرفتن، لەبەردەم ئامادەگی نوێنەرانی کورد لە کۆمیتەی دەستووریدا، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و جارێ چارەسەر نەکراوە، پێموایە ڕووسیا لەگەڵ ئەمەریکا گفتوگۆی ئەو بابەتە پێکەوە دەکەن لە داهاتوو.

# ڕۆژنامەی حوریەتی تورکیا دەیان ڕۆژنامەنووسی خۆی دەرکرد

## پێشتر ڕەخنەی تۆندیان لە ئەردۆغان و ئاکەپە گرتووە




لە 2018گرووپی ئایدن دۆغان کە بە ئیمپراتۆری میدیای تورکیا دادەنرێت، ڕۆژنامەی حوریەت و چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی فرۆشتە گرووپی دەمیرئۆرەن کە ئەو گرووپەش لە ڕەجەب تەییب ئەردۆغانەوە نزیکە ، بەڵام بە بڕیاری خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە، دەیان ڕۆژنامەنووس بەبێ ئەوەی پرسیان پێ بکرێت لە ڕۆژنامەکە دەرکراون. بە گوێرەی باسنیوز، نزیکەی 43 ڕۆژنامەنووسی حوریەت لە ڕێگەی ئیمەیلەوە پێیان گوتراوە ئیتر مەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژنامە و گرێبەستتان کۆتایی پێهاتووە، بەمەش دەنگی ناڕەزایی ڕۆژنامەنووسەکان بەرز بووەتەوە و بە بڕیارێکی ناعەدالەتی و بێئیژدانانەی وەسف دەکەن. پێشتر گرووپی میدیایی دۆغان بێتلایەن بوو، بەردەوام ڕەخنەی توندی لە حکوومەتی ئاکەپە دەگرت، بە تایبەت لە ڕێگەی ڕۆژنامەی حوریەت و تەلەفزیۆنی CNN بەڵام دوای ئەوەی ئایدن دۆغان ئەو میدیایە و چەند میدیایەکی تری بە بڕی یەک ملیار و 200 ملیۆن دۆلار فرۆشتە گرووپی میدیایی دەمیرئۆرەن، ئیدی ئەو میدیایانە بۆ بەرژەوەندیی ئەردۆغان کاریان کرد. وەکو ئەوەی باس دەکرێت، ئەو ڕۆژنامەنووسانە بۆیە دەرکراون، چونکە پێشتر ڕەخنەی تۆندیان لە ئەردۆغان و ئاکەپە گرتووە، بۆیە دەیانەوێت لە ڕۆژنامەکە دەریان بکەن.

حوریەت کە بە سێیەم پڕ تیراژترین ڕۆژنامەی تورکیا دادەنرێت، لەڕووی داراییەوە کێشەی تێکەوتووە، چونکە ناتوانێت وەکو پێویست مووچەی کارمەندەکانی بدات، بەڵام وەکوو ئەوەی مالپەڕی (BBC)ی تورکی ئاشکرای دەکات، ئەگەر بڕیار بێت لەبەر قەیرانی دارایی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەرکراون، دەبوایە ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە ئێستا لە ڕۆژنامەکە دەرێژە بە کاری میدیایی دەدەن، بۆچی تەنیا ئەو کەسانە دەردەکرێن کە خاوەنی ئیمتیاز مەبەستییەتی.

# عەلی حوسێن: لە هەموو قۆناغەکاندا نەهجی پارتی پاراستنی ماف و ئازادیی تەواوی پێکهاتەکان بووە



پێرۆزبایی لە سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی بەیت نەهرێن کرد و هیوای خواست ئەم یادە هاندەرێک بێت بۆ پتەوترکردنی پەیوەندی گشت پێکهاتەکان و هەموو ئاین و نەتەوەکانی تر لە هەرێمی کوردستان، هاوکات بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق گفتوگۆی لە بارەوە کرا، هەر لەم دیدارەدا بەڕپرسی پەیوەندییەکانی پارتی ڕۆڵی پارت و لایەنە کریستیانەکانی لە هاوکێشە سیاسیەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان و تەواوی هەنگاوەکانی ترپانی بەبەرزی وەسف کردو تەئکیدیشی کردەوە ئامانج و نەهجی پارتیش لە هەموو قوناغەکاندا کارکردن بووە بۆ پاراستنی ماف و ئازادی و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان لە کوردستان و عێراق.

## پرسە و سەرەخۆشی

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**برای بەڕێز کاک سەلاح بەدرەدین**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (رجاء موسا میقری)ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی سەرنووسەرو رۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەکەمان سەرەخۆشیتان لێ دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووری بە ئێوەو خانەوادەو کەسوکارتان ببەخشێت و دواناخۆشیتان بێت. **انا لله وانا الیه راجعون**

خەبات

# نرخی بەنزین لە هەرێمی کوردستان دادەبەزێت

بەڕێوەبەری سوتەمەنیی هەولێر دەڵێ، بە هۆی ئاسانکاریکردن بۆ بازرگاکان، نرخی بەنزین لە دابەزیندایە و چەند پێشنیازێکیشیان ئاراستەی حکومەت کردووە بۆ ئەوەی زیاتر دابەزێت. ئاری کاکەشین، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی نرخی بەنزین لە دابەزیندایە و تاوەکو ئێستا 25دینار لە سنووری هەولێر دابەزیوە و چاوەڕێ دەکرێت هێشتا دابەزێت، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئاسانکارییەک بۆ بازرگانان دەکات، بۆ ئەوەی نرخی بەنزین هەم هەرزان بێت و هەمیش کوالێتییەکەی باش بێت. بەڕێوەبەری سوتەمەنیی هەولێر گوتیشی: چەند پێشنیازێکمان داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هاوشێوەی حکوومەتی عێراق نرخی بەنزین لە هەرێمی کوردستانیش دابەزێت، بۆیە هەوڵەکان بەردەوامن و ئومێدەوارین سەرکەوتوو بێت.

# چەند پرۆژەیەک لە باعەدرێ جێبەجێ دەکرێن

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە، 10ملیار دینار بۆ ڕێگاکانی دهۆک تەرخان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین پرۆژە لە دهۆک جێبەجێ دەکرێن.

ئەندازیار، مەعسووم ئیبراهیم، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: لە باعەدرێ پرۆژەی ئۆقەڕپاس وەستێنرابوو، ئێستا جارێکی دیکە دەستی بە کارەکانی کردووەتەوە و لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت و دەکەوێتە خزمەت هاوواڵتیانەوە. گوتیشی: ئێستا ڕێگای نێودەوڵەتیی باعەدرێ- بەدرێکی نۆژەن دەکرێتەوە، هەرچەندە ئەو ڕێگایە سەر بە پارێزگای مووسڵە، بەڵام چەندین جار داوامان لە حکوومەتی خۆجێیی مووسڵ کردووە، نۆژەنی ناکەنەوە، ئێستا حکوومەتی هەرێم نۆژەنی دەکاتەوە.

# دەست بە دابەشکردنی نەوت بەسەر هاووڵاتیان دەکرێت



**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:**

بڕیار وایە لەم ڕۆژانە دەست بەدابەشکردنی نەوتی سپی بکرێت لە شارەکانی کوردستان. لەمبارەیەوە فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر ڕوونیکردەوە: لەو ڕۆژانە دەست بەدابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیان دەکرێت و بۆ هەرخێزانێکیش یەک بەرمیل دابەش دەکرێت و لەسەرەتادا لەناوچە شاخاویەکان دەستی پێدەکرێت دواتر دێتە ناوشار. سەبارەت بەو دابەشکردنە ئەندازیار ئاری کاکەشین بەڕێوەبەری سووتەمەنی هەولێر گوتی: بۆ ئەمساڵ بۆ ناو شار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت بڕی 50 هەزار دینارەو بۆ دەرەوەی شاریش 51 هەزار دینارەو بڕیارە لەم ڕۆژانە بەغدا نەوتی سپی ڕەوانە بکات ئەگەرچی بەغدا بەشی پێویست ڕەوانە ناکات و بۆ هەولێر پێویستیمان بە 100 ملیۆن لیتر نەوتە و هەر کاتێک نەوتەکە گەیشت دەست بەدابەشکردنی دەکەین.

# وەزیری ئەوقاف: هەموو پەیڕەوانی ئایینەکان پێکەوە لە وڵاتێکدا دەژین و مافیشیان پارێزراوە




بە بەشداری د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف ڕێکخراوی KAICIID بۆ گفتوگۆی پەیرەوانی ئایینی و کلتورەکان بەبەشداری 200 کەسایەتی و پەیرەوانی ئایینی و 46 وڵات لەسەر ئاستی جیهان کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژەی لە ڤیەننای پایتەخی نەمسا ڕێکخست.

ئامانجی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکە لێکگەیشتن و گفتوگۆکردن و دوورکەوتنەوەیە لە لێدوان و وتاری توندوتیژی و دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی نێوان گەلانی جیهانە.

لەمیانی کۆنفرانسەکەدا وەزیری ئەوقاف لە میانی وتارێکیدا گوتی: کلتوری پێکەوەیی ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان میژوویەکی دێرین و دەرەوشاوەی هەیە و هەموو ئایین و پەیڕەوانی ئایینەکان پێکەوە لە وڵاتێکدا دەژین و مافی هەموو لایەکیش پارێزراوە.

بەدەر لەوەش هەرێمی کوردستان بەهۆی بارودۆخی نەخوازراوی ناوچەکە بۆتە شوێنی حەوانەوەی نزیکەی دوو ملیۆن هاوڵاتی ئایین و پێکهاتە جیاوازەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوپەڕی توانای بەکارهێناوە بۆ دەستەبەری خزمەتگوزاری گشتی بۆیان بەتایبەتی لە بواری تەندروستی و پەروەردەیدا.

وەزیری ئەوقاف کاروباری ئایینی زێتر گوتی: هەشت پێکهاتەی فەرمی لە هەرێمدا پەپێی یاسای ژمارە پێنجی ساڵی 2015پەرلەمانی کوردستان بە ئەوپەڕی ئازاد پەرستنی خۆیان دەکەن و خاوەن پەرستگاو شوێنی پیرۆزی خۆیانن و سەرجەمیشیان بەشداری بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی یەکتری دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە ڕێکخراوی KAICIIDنێو دەوڵەتی ساڵی 2012لەلایەن وڵاتانی سعودیە، نەمسا، ئیسپانیا دامەزراوە ئامانجی سەرەکی دروستبوونی نەهێشتنی توندوتیژی نێوان پەیڕەوانی ئایینە.

# مانگی ڕابردوو لەکەلار 85 تۆن میوە لەناو عەلوە لەناوبراوە

**خەبات- سەبریە یوسف:** بەپێی ئاماری لیژنەی عەلوە لەقایقامیەتی شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لەماوەی مانگی ڕابرودا 85تۆن میوەی خراپ بوو لەعەلوەی کەلار لەناوبراوە. سیروان حەسەن، بەڕپرسی لیژنە هاوبەشەکانی قایقامیەتی شارۆچکەی کەلار، بە خەباتی ڕاگەیاند لەڕۆژی 1 / 2019 / 10تاوەکوو 31 / 10 / 2019واتا لەماوەی مانگی ڕابرودا تشرینی یەکەم، لەعەلوەی کەلار 85تۆن میوەی خراپ بوو لەناوبراوە. گوتیشی: هەر لەماوەی مانگی ڕابرودا 34 پسوڵەی سەرپێچی بۆئەوکەسانەکراوەکەمیوەی خراپ بوویان بۆعەلوەهێناوە. ئەوەشی خستەڕوو میوە خراپ بوەکان بریتی بوون لە شووتی وکاڵەک و تڕێ وخورما ،بەڵام بەزۆری لە تەماتە پێکهاتبوون، بەزۆریش لە ئێرانەوە هێنرابوون.

# خولی وەرزشیی شەهید ئاودەل کۆتاییهات



**خەبات- ڕانیە:** ڕێکەوتی 31/10/2019 لە دەڤەری خۆشناوەتی، ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی خۆشناوەتی سەر بە ناوەندی باڵای ڕانیەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەژێر چاودێریی هیوا گەیلانی بەڕپرسی لقی11ی پارتی و بەئامادەبوونی شاندێکی لقی 11و لیژنە ناوچەکانی خۆشناوەتی و ڕانیە و بیتوێن و، بنەماڵەی سەربەرزی شەهید ئاودەل و ستافی ناوەندی باڵای ڕانیە و لاوانی سنوورەکە، کۆتایی هێنا بە خولێکی تۆپی پێ کە بۆ 12 تیپی وەرزشی سنورەکەیان، لەژێر ناونیشانی شەهید ئاودەل لەبیر ناکەینکردبۆوە.

# باڕزان... خولێکی پێگەیاندنی لاوان کۆتاییهات



**خەبات- مسلم دزلەمەری:** لە هۆڵی لیژنە ناوچەی میرگەسووری پارتی بە ئامادەبونی ژمارەیەک پەرلەمانتاری کوردستان و فەرماندەی پێشمەرگەو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرس و نوێنەرانی ئیدارە و حزبی و ڕێکخراوەیی و جەماوەری و ڕۆشنبیران و کەسایەتی دەڤەری باڕزان کۆتایی بە خولی پێگەیاندنی لاوان هات.

فەرسەت سالح دزلەمەری بەڕپرسی ناوەندی باڵای میرگەسووری یەکێتی لاوان بۆ خەبات گوتی: دووای سێ مانگ بەردەوامبوون لەخولی پێگەیاندنی لاوان لە سنورمان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کۆتاییمان پێهێنا. کە تێیدا زیاتر لە پەنجا لاوی کچ و کوڕی سنورەکەمان بەشداربوون و لە هەر هەفتەیەکدا چەند سێمینارێک لەبوارەجیاجیاکاندا پێشکەش دەکرا. جگە لە سیمینار سەردانی مەیدانیشمان هەبووە بۆ نمونە سەردانی دەڤەری بالەکایەتی لاندکی شۆڕشمان کردوە تا لاوانمان لەنزیکەوە ببینن کە باوبابپیرانیان لەسایە و بەرتیبەرایەتی بارزانی نەمر چۆن و لە چ نەهامەتیەک لەنێو ئەشکەوت ولەژێر تۆپ وتەیارەی دووژمنانی گەلەکەمان خەباتیان کردووە. جێگەی باسە لە کۆتایی خولەکە بڕوانامە بەسەر بەشداربواندا دابەشکرا و مسلم دزلەمەری پەیامنێری ڕۆژنامەی خەباتیش یەکێک لە خەلاتکراوەکان بوو.

# بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ژمارەیەک ڕێگای ستراتیژی چاکدەکاتەوە

**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:** ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: ماوەیەکە دەست بەچاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە کراوەو بەهەوڵ و کۆششی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بودجەیەک تەرخانکرا بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان و لەلایەن تیمەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ڕۆژانە چاودێری و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان دەکرێت و چەندین پرۆژە کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن وەک پرۆژەی چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکی هەولێر- گوێر لەنزیک گوندی شەمامەر تاوەکو گوندی قادریە، کە ماوەی چەند ڕۆژێکە دەستی پێکراوە لەگەڵ پرۆژەی چاککردنەوەی ڕێگای شەقڵاوە- میراوەو پرۆژەی چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکی خەلیفان- گەلی عەلی بەگ و فەرشکردنی چینی بایندەر لە پرۆژەی چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکی خەلیفان- گەلی عەلی بەگ- سۆران بەدرێژی 15کیلۆ مەترو چاککردنەوەی ڕێگای هەولێر خەبات هەردوو سایدی چوون و هاتن قەشت کراوەو کارێکی زۆر لەو ڕێگا سەرەکیە کراوەو بەشێوەیەکی ئەندازەیی کاری تیا دەکرێت جگەلەوە هەوڵماندا کار بۆ ڕێکخستنەوەی نێو بازگەی کانی قرژاڵە بکەین هەرلە سنوری قەزای شەقڵاوە کار بۆ چاککردنەووەی چەند شوێنێک دەکرێت ئەویش لە ڕێگای سەرەکی مامە جەلکە- ئەسپێنداڕە بەدرێژی 10کیلۆ مەتر. پرۆژەیەکی دیکە بریتیە لە چاککردنەوەی چەند شوێنێک لە ڕێگای نێوان هەولێر- پردێ کە لەلایەن لیژنەی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت. جگەلەو پرۆژانە تیمەکانمان سەرپەرشتی چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکی حاجی ئۆمەران- چۆمان دەکەن کە ڕێگایەکی ستراتیژی گرنگە وەک چاککردنەوەی ڕەکیزەو موشەبەکی پردی ئاسنی لەسەر ڕێگای سەرەکی چۆمان- حاجی ئۆمەران شایانی باسە بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر کار بۆ چاککردنەوەی ژمارەیەکی دیکەی ڕێگاوبان دەکات لەسنوری پارێزگای هەولێرو تیمەکانمان بەردەوام سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ بۆپڕۆژەکان دەکەن بۆئەوەی بەرلە باران بارینی بەخۆڕ کارەکان تەواو بکرێن.

# فیستیڤاڵ هەنار لە هەڵەبجە بەڕێوەچوو



**خەبات: هەڵەبجە**

لە پێنجەمین فیستیڤاڵ سالانەی هەنار ژمارەیەکی زۆر بەرهەمهێن و خاوەن باخی هەنار تیایدا بەشداربوون.

تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، بە چاودێری پارێزگاری هەڵەبجە ئازاد تۆفیق، ئەرکی ڕێکخستنی فیستیڤاڵ ئەمسالیان گرتووەتە ئەستۆ و بڕیارە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بێت.

فێستیڤاڵەکە کە لە پارکی یاری شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆر هاوواڵتیانی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری بەشداربوون.

سەرەتای فێستیڤاڵەکە بە گوتەی پارێزگاری هەڵەبجە دەستی پێکرد و تیایدا ئازاد تۆفیق ئاماژەی بەوەدا کە تایبەتمەندی فێستیڤاڵەکە لەوەدایە کە بە تەنها بۆنەیەکی تایبەت بە کشتوکاڵ نییە، بەڵکو وەک بۆنەیەکی کولتووری ڕۆژدگێڕێت و بڕەو بە دیوە کولتوورییەکانی وەک ئەدەب دەدات.

لە لای خۆیەوە سەرۆکی تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، ئەرسەلان عابد کە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوە دا کە بە خۆشحاڵییەوە ئەمسال سێ ژووری بازرگانی هەڵەبجە قسەیان کردووە تاکو بتوانن بەرهەمەکانی هەنار و بەرووبوومی دیکەی کشتوکاڵی هەڵەبجە ساغ بکەنەوە.

سالانە پارێزگای هەڵەبجە نزیکەی 35هەزار تۆن هەنار بەرهەمدەهێنێت و لە فیستیڤاڵ ئەم سالدا 350 خاوەن باخ و بەرهەمهێنی هەنار بەشدارن کە دوو ڕۆژ دەخایەنێت.

هەناری هەڵەبجە چەند جۆرێکی هەیە بەپێی تام و شێوەکەی ئەوانیش هەناری عەبابەیلێ، سالەخانی و سازان.

# ماردین.. دۆزینەوەی پەرستگایەکی مێژوویی

**خەبات: باکووری کوردستان**

لە شارۆچکەیەکی ماردین، پەرستگایەک دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ 11هەزار و 300ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە

لە شارۆچکەی دارگەچیتی ماردین، پەرستگایەک دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ 11هەزار و 300ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

ماردین بە درێژایی مێژوو لانکەی 25شارستانێتیی بووە، لە نێویشیاندا سۆمەرییەکان، بابلییەکان، هیتییەکان، ئاشوورییەکان، ڕۆمەکان، ئارارات‌ەکان، عەباسییەکان، سەلجوقییەکان و عوسمانییەکان.

ئەو پەرستگایە کە لە شارۆچکەی دارگەچیتی سەربە پارێزگاکە دۆزراوەتەوە، چوار بەردی یادگاریی (ستێلا)ی هەیە و بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە.

لە چوارچێوەی "کارەکان بۆ بە دۆکیۆمێنتکردن و ڕزگارکردنی ئاسەوارە کولتووریەکان کە دەکەونە ناوچەی بەندەوای ئلسو ، بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەی ماردین بەردەوامە لە کاری هەڵکەندن و دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی ناوچەکە کە لە ساڵی 2012وە دەستی پێکردووە.

لە کۆی چوار ستێلا سیانیان پارێزراون

مامۆستا لە بەشی شوێنەوارناسیی لە زانکۆی ئارتوکڵوی ماردین، ئەرگول کۆداش، کە سەرپەشتیی کارەکانی هەڵکەندن دەکات، ئاماژەی بەوەکرد کارەکان کە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی بەشی شوێنەوارناسیی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی کۆجائەلی، ئایشە تویا ئۆکسە بەڕێوەدەچن، زۆر بە وردیی ئەنجام دەدرێن.

ئەرگول کۆداش تیشکی خستەسەر ئەوەی پەرستگاکە بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە و کاتێک کە لە میانی هەڵکەندنەکاندا دۆزراوەتەوە، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ گۆڕەکلیتەپەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم ، ئەو گوتی: "بەپێی ئەو شیکارییانەی ئەنجام دراون، پەرستگاکە چوار بەردی یادگاریی (ستێلا)ی هەیە. باوەڕمان وایە تەمەنی 11هەزار و 300ساڵە. کارەکانی هەڵکەندن درێژەیان هەیە، بەڵام ستێلاکان بە ڕوونی دەرهێناون. یەکێک لەو چوار ستێلایەی دەرهێناون شکاوە بەڵام سیانیان تا ئەمڕۆ توانراوە بپارێزرێن".

تایبەتمەندیی هاوشێوەی گۆڕەکلیتەپەی هەیە

کۆداش جەختی لەوەکردووەتەوە کە پەرستگاکە خاوەنی دیواری بەردینە و بەردەکان بچووکن و بە قۆڕ داپۆشراون و تا ئێستاش نەگەیشتوونەتە بناغەی پەرستگاکە ، ئامانجیان ئەوەیە لە ماوەی مانگێکدا بگەنە بناغەکەی.

باسی لەوەشکرد، پەرستگاکە تایبەتمەندیی هاوشێوەی گۆڕەکلیتەپەی هەیە و لەسەر ڕووبەری ٨٠ مەتر چوارگۆشە دروستکراوە.





# لەژێر دروشمی هەنگوینی کوردستان باشترینە

# کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان چوارەمین فیستیڤاڵی هەنگوین ساز دەکات

**خەبات: سلێمانی**

لەژێر دروشمی (هەنگوینی کوردستان باشترینە) کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، چوارەمین فیستیڤاڵ هەنگوین ساز دەکات لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی.

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان و سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە، سیروان ئەبوبەکر محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کوردستان لە ڕووی هەنگەوانییەوە گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە یەکێک لە باشترین بەرهەمەکانی هەنگوینی لێبە و دووپاتی دەکاتەوە کە گرنگی ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە ئەوەیە کە کرپار ڕاستەوخۆ لەدەستی یەک کە هەنگەوانەکەیە بەرهەمەکە بکرێت و بەدەستی بگات. تاکو بەدوور بێت لە ساختە لە جۆرایەتی یان گرانی لە نرخ.

لە ڕووی ڕەوانەکردنی بەرهەمی خۆمالی هەنگوینی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات سیروان ئەبوبەکر ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستا بە هۆی کەمی ناسینی بەرهەمی هەنگوینی کوردیەوە، نەتوانراوە وەک ئاستی بازرگانی سوود لەمە ببینرێت، بەڵام لەسەر ئاستی کەسی کە هاتوون و بەرهەمەکەیان بینیوە خواستیان لەسەری پەیدا کردووە و داوایانکردووە، یان لە ڕێگەی کەسییەوە بەرهەمەکە بەکۆمەڵ ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراوە.

بەپێی گوتەی ناوبراو ڕێژەی پێویست نەتوانراوە بەرهەمەکە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت."

لوقمان عومەر شەریف باس لە بەرهەمی هەنگوینی کوردستان دەکات لە ڕووی جۆرایەتیەوە دەڵێت، "بەرهەمی هەنگوینی کوردستان زۆربەرزە، خواستی لەسەرە، لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا پلەی بەرز بەدەست دەهێنێت، بەتایبەت پار لە لوبنان پلەیەکی زۆر باشی وەرگرتووە و لە ئۆکراینا و وفەڕەنساش بەشداربووە و دانی پێدانراوە لە ڕووی کوالیتیەوە".

ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمسال بە هۆی کەشوهەواوە هەنگوینی پێدەشتەکان کەمتر بوون لە چاو هەنگوینی کوێستانەکاندا.







بەرهەمهێنانی هەنگوین لەمسالدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گۆڕاوە، بۆ نموونە لە ناوچەی ماوەت و شارباژێر بەرهەمی هەنگوین کەمی کردووە، لەکاتێکدا هەمان بەرهەم لە چەند ناوچەیەکی تر زیادی کردووە و دەڵێت "بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر پیشەی هەنگەوانی کۆنترۆڵ بکرێت و بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی هەنگەکەی پەروەردە بکات لە سەروو هەزار تۆن بەرهەمی خۆمالی هەنگوینمان دەبێت. چونکە ژینگەیەکی لەبار، ئاووهەوایەکی گونجاو، سروشتێکی باشمان هەیە بۆ پەروەردە کردنی هەنگ.

لێپرسراوی کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان، لوقمان عومەر شەریف ئاماژە بەوە دەکات کە 33هەنگەوان لە تەواوی ناوچە جیاجاکانی هەولێر و کۆیستانەکانی قەندیل و هەورامان و شارباژێرەوە بەشداربوون لە فیستیڤاڵەکەدا.

لوقمان عومەر شەریف هۆکاری ئەوەی کە تا ئێستا نەتوانراوە هەنگوینی خۆمالی کوردستان ببڕێتە دەرەوەی وڵات وەک بازرگانی، نەبوونی تاقیگەیەکی جۆریی پێکهاتە خۆراکییەکانە کە بۆ هەنگوین دەکرێت و خۆی لە 300جۆر پشکنیندا دەبینێتەوە و دەڵێت، "بەرهەمی خۆمالی هەنگوین بە هۆی گونجانی سروشتەکەیەوە لە کوردستان، یەکێکە لەو هەنگوینانەی کە لە ناوچەکەدا لە ڕووی کوالیتیەوە زۆر بەرزە، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئامرازی



بەکر کەریم حەسەن*

## رۆڵ و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر قوتابی

وەزیری پەروەردەی سعودی محەمەد ئەحمەد ئەل راشد (1995-2005) دەڵێ" لەدوای هەموو میللەتێکی مەزن و شکۆمەند پەروەردەیەکی مەزن و شکۆمەند هەیە، وە لە دوای هەموو پەروەردەیەکی مەزن و شکۆمەند مامۆستای نایاب و جیاواز هەیە".

گومانی تێدانییە کە مامۆستا رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی هەیە لە کۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، لەو ووتارەدا نامەوێ باسی مافی مامۆستا بکەم، تەنها تیشک دەخەمە سەر رۆڵ و ئەرکی مامۆستا لە کۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. مامۆستا کۆمەڵێ رۆڵی جیاوازی هەیە هەموویان تەواوکەری یەکترن، لە هەموویان گرنگتر رۆڵ و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر قوتابییەکانی، بەرپرسیاریەتی و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر بە قوتابییەکانی سنوردار نییە و بێ کۆتاییە، ئەوە مامۆستایە قوتابی پەروەردە دەکات لەسەر ئادکارە جوانەکان و رواندن و چاندنی هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ خاک و مرۆڤ و نەتەوە و وڵات لە ناخی قوتابی، هەردەم مامۆستا نمونەی پێشەنگ و پێشڕەوی جوانە بۆ قوتابییەکانی لە کۆی هەڵس وکەوت و ڕەفتار و گوفتار و کردار و دڵسۆزی واتە هاندەری قوتابییەکانیەتی بۆ کاری باش و بەسوود و قازانج بۆکۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا ڕێ نیشاندەر و ئامۆژگارکارێکی بەردەوامە بۆ ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردنی قوتابییەکانی بەرەوکاری باش و بەسوود، لە هەمان کاتدا زانین و فێرکردنی قوتابییەکان لە سەر بابەتە پسپۆڕییەکان و هاندانیان تاوەکو لە داهاتوودا ببنە ئەندامێکی کارا و شیاو بۆ ووڵات و کۆمەڵگە، کە ڕەنگدانەوەی دڵسۆزی و دادپەروەری مامۆستاکە نیشان دەدات لە کۆی هەڵس وکەوتی لە قوتابخانە دا لە ئەنجامی ڕواندن و بلاوکردن و ووشیاری نیشتمانی لە ناخی قوتابیان کە لە ئەنجامدا تاکێکی تۆکمە و بەهێز دروست دەبێت وەکو شاخ بۆ نیشتمان لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوەیە بەرهەمی مامۆستای دڵسۆز و نایاب کە هەردەم هەوڵ دەدات ئەمانەتی کۆمەڵگە بپارێزێ کە قوتابییە و چەق و ناوەندی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە. ئەڵێرەوە رۆڵ و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر قوتابییەکان خاڵی وەرچەرخانی تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵگەیە، چونکە مامۆستا دەتوانێ تەکان بدات بە پرۆسەی پەروەردە، ئەو مامۆستایانەی کە نمونەیی و پێشەنگن لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەڵێ سیفات و ئادکاری جوان و سەرنج ڕاکێشی هەیە، پێویستە مامۆستایان خۆیان پەری بەردەوامی پێ بدەن لە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و دادپەروەری پابەندبوون بە کات و ئامادەیی بەردەوام و پاراستنی ئەمانەت و ووشیاری و بە ئاگایی لە کۆی پرۆسەکە لە ناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە و خاوەنی هەڵگری بەها کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان بێت. لەوەش گرنگتر پێویستە لەمەو دوا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و بەهاوکاری و بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتییەکان، سالانە بە بەردەوامی جۆرەها خولی جیاواز بۆ سەرجەم مامۆستایان بکرێتەوە، هیچ مامۆستایەک نەچێتە پۆل و قوتابخانە گەر بەشداری لە خولە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن نەکردبێت بە مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژەکانیشەوە، چونکە لە کۆتاییدا لە پۆل و قوتابخانەکان و بۆیە بەشداری کردن لە خولە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن مەرجی سەرەکی بێت بۆمامۆستایان بۆ ئەوەی بتوانرێ ڕۆڵ و ئەرکی پیرۆزی مامۆستا بپارێزرێت.

* بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر



مامۆستایەک:

**پێویستە سیستەمێک دابنرێت بۆ هێشتنەوەی پەرتووکی قورس لە قوتابخانەو دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆیان**

# زۆری کێشی پەڕتوکی قوتابیان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر تەندروستی قوتابیان



**موسلیم دۆلەمەڕی**

وەکو دیاررۆژانە گرفتی بواری پەروەردەی دێتە بەرچاومان لەلایەن دایک وباوکی قوتابیان وبگرە مامۆستایانیش لە زۆرلایەنەوە گلەیی ورەخنەی خۆیان هەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە، لەوانە زۆری کێشی پەرتوکی قوتابیان گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم کەسوکاری قوتابیان وخودی قوتابیش بەتایبەتی پۆلی یەکەمی بنەرەتی کە کێشی جانتاکانی هەندێ قوتابی لەکێشی قوتابی زیاترە بەمەش بووەتە گرفت بۆیان بۆگەیشتن بۆقوتابخانەکانیان، جالەم بارەیەوە چەندمامۆستایەک بەژمارەیەک لەرەخنەو پێشنیارەوە بەم شێوەیە بۆ خەبات دوان.

**سەرەتا مامۆستا بەختیار**

**گوتی:** من دەڵێم گرفت لەسیستەمکی پەروەردەدایە ،چونکە پێم وایە ئەم سیستەمە وای کردووە کە چونکە بەراستی کەئێمەی مامۆستا ڕۆژانە دەبینین کە قوتابیانمان بە زەحمەتێکی زۆرەوە دەگەنە قوتابخانە بەتایبەتی پۆلی یەکەم کە کێشی پەرتوکی قوتابیان زۆربێت وببێتە بارگرانی بەسەر پشتی قوتابیان , بەراستی کێشی جانتاکانیان لەکێشی خۆیان گرانترە بەمەش بێگومان کاریگەریەکی خراپی تەندروستی بۆقوتابیان بەجێدێڵێت پێم وایە زۆربەیان توشی گرفتی پشت ئێشان دەبن، چونکە ئێمەی گوند نشین نەپاس وهیچ هۆیەکی گواستنەوەمان نیە بەناچاری بەکیلۆمەتر بەپیان دەبرن تادەگەنە قوتابخانە بۆیە دەڵێم دەبێت وەزارەت بەجدی کاربۆئەم گرفتە بگات وچارەسەری بکات.

**هەروەها مامۆستا لوقمان**

**گوتی:** سوپاس بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە گرنگە چونکە بەراستی ئەمە نەک گرفتە بۆ قوتابی بەڵکو بۆ ئێمەی مامۆستاو دایک وباوکی قوتابیانیش گرفتێکی گەورەیە ،چونکە دایک وباوکی قوتابی بەناچاری دەبێت گشت بەیانیەک لەگەڵ منالانیان بێن تابەردەرگای قوتابخانە جابەهەر شێوەیەک بێت وبەهەر نەهامەتیەک بێت بەتایبەتی لەوەرزی زستان کە بۆگوند نشینەکان ژیان ئەستەم تر لەوەی کە لە باژێرەکانن بۆیە داواکارم لە وەزارەتی پەروەردە کەچارەسەری ئەم پەرتوکانە بکەن بەتایبەتی بۆپۆڵی یەکەمی بنەرەتی جا چ بەکورتکردنەوەی بابەتەکان یان بچوکردنەوەی پەرتوکەکان بێت یان کردنی سیستەمی ئەلکترۆنی بۆقوتابیان وەک ئایپات وئامێرەکانی تری سەردەمی.

**دواتر مامۆستا ئەحمد**

**گوتی:** قوتابی لەدەست پێکی چونی بۆقوتابیخانە هەست بەگۆڕانکاریەکی نوێدەکات بەدڵێکی خۆش بەڕەو ڕوی قوتابخانە دەڕوات، بەڵام بەداخەوە لەسیستەمە سەپێنراوەکانی سەرقوتابی هەرڕۆژەو کۆمەڵێک بابەت وپەرتوکی قورس لەوەزن وبابەت بەسەر قوتابیاندا دەسەپێنرێت بەبێ ئەوەی بیرلەبواری تەندروستی وەدرونی قوتابیان بکرێتەوە کەهەمویان بونەتە بارگرانیەکی زۆر لەسەر جەستەو ئەقلی قوتابیان بڕیە داواکارم وەپێشنیارەدەکەم کە بابەتەقورسەکان کەمبکرێنەوە وەوێنەی پەروەردەی بۆقوتابیانی بینەرەتی بەتایبەتی پۆلی یەکەم ودووەم زیادبکرێک وەپەرتوکەکانی لەروی وەزنەوە زۆر کەم بکرێنەوە وەهەروەها ئەگەر واش نەکرێت سیستەمێک دابنرێت بۆهێشتنەوەی پەرتوکی قورس لەقوتابخانەو دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆیان.

**پاشان مامۆستا دڵدار**

**گوتی:** بەبوچونی من ئەم سیستەمەو ئەم پەرتوکانەی ئێستای قوتابیان بەتایبەتی پۆلی یەکەم هەرگیز گونجاونیەو لەلایەنی تەندروستی گرفتی زۆربۆقوتابیان دروست دەکات بۆیە پێشنیارەدەکەم کەپەرتوکەکان بکرێنە دووەوەرزی یان زیاتریش بۆئەوەی باری سەرشانی قوتابیان وکەسوکاریان سوک ببێت ،چونکە پێم وایە هەرهەمان تێچوی دەبێت تەنها بەرگێک زیاد دەبێت.

وەڵەکۆتایدا مامۆستا شەریف گوتی :پێم وایە دەبێت هەرچی زوە وەزارەتی پەروەردە چارەسەری ئەم گرفتە بکات بۆئەوەی قوتابیە ئازیزەکانمان لەم گرفتەو مەترسیە تەندروستیە نەجاتیان ببێت ،چونکە بەراستی بەهۆی بارقورسی قوتابیانمان گەیشتنیان بۆقوتابخانەکان بوتە ئەستەمێکی زۆرو بوتە بارگرانیش بۆکەسوکاری قوتابیان بۆیە پێشنیارەدەکەم کە پەرتوکەکان لەروی بابەتی ولەروی وەزنەوە کەم بکرێنەوە وەهەروەها پەرتوکەقورسەکان بکرێن بەوەرزی وبەدووپەرتوک یان دابینکردنی دۆلاب بۆ پۆلەکانی قوتابیان بۆئەوەی پەرتوکەکانیان لەقوتابخانە بێلنەوەوتەنها دەفتەرەکانیان بەبەنەوە مالەوە بۆئەوەی لایەنی تەندروستی قوتابیانمان پاراستیبێت بەتایبەتی قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەرەتی.

# منداڵەکانمان گوێمان لێناگرن، بەڵکو لاساییمان دەکەنەوە!





**حەسەن هاشم باڵەکی**

منداڵ ئەو بوونەوەرە پاک و بێگردەیە کە خێزان دەتوانێت چۆنی بوێت پەروەردە و گەورەی بکات، هەروەک چۆن بەگشتی دایکان و باوکان ڕۆژانە و کاتژمێر بە کاتژمێر پەروەردەی منداڵەکانیان دەکەن لە ڕێگای ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتری، چونکە منداڵ بەتایبەت منداڵی خوار تەمەن (٠) دە ساڵ چ شتێک و چ ڕەفتار و کردارێک لە دایک و باوکیان ببینێ ڕاستەوخۆ خەزنی دەکەن و ئەزبەری دەکەن پێیان وایە ئەمە شتێکی باشە و پێویستە ئەوانیش ئەنجامی بدەن و دووبارەی دەکەنەوە.

لە ئەنجامی ڕەفتاری دایکان و باوکان لە منداڵەوە منداڵەکان دەبن بە دوو کۆمەڵەی جیاواز، دەبینین بەشێک لە منداڵەکان هەمیشە ڕەفتاری نەشیاو و شەڕانگێز و کێشە دەنێنەوە و جنێو دەدەن، ئەمەش کاردانەوەی خودی ڕەفتار و پەروەردەی دایک و باوک و ئەو ژینگەیە هێمن و پاک و گرنگی پێدانەن کە لەمانەوە بۆیان ڕەخساندووە، لە ساتی لە دایک بوونیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ و کاتژمێر بە کاتژمێر گرنگیان بە منداڵەکانیان دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا دەبینین بەشێکیتر لە منداڵان زۆر نەرم و نیان و لەسەرخۆ و بە ڕەوشتن، کە بە گشتی لە ئێستای واقیعی کۆمەڵگەکەمان ئەمانە ڕێژەیان کەمە، کە هۆکاری ئەم ڕەفتارەشیان کاردانەوەی ئەو ژینگە هێمن و پاک و گرنگی پێدانەن کە لەمانەوە بۆیان ڕەخساندووە، لە ساتی لە دایک بوونیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ و کاتژمێر بە کاتژمێر گرنگیان بە منداڵەکانیان داوە و کاتیان بۆ پەروەردەکردنی تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە جێگای شانازی دایک و باوکەکەی.

قوتابی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کاتێک کە یەکەم ڕۆژی دەوامکردنی دەست پێدەکات لە قوتابخانە تەنیا سەیری قوتابیان و ژینگە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری قوتابیان دەکات، دەبینین قوتابیان کام جۆری ڕەفتار ئەنجام بدەن بەهەمان شێوە دووبارەی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکەنەوە بە خراپ یان باش، یاخود کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵ هەرشتێک کە بینیویەتی دەیگێڕێتەوە بۆ ماڵ، بۆیە پێویستە کاتێک قوتابی سەرەتایی کە دێتە قوتابخانە لەلایەن مامۆتایان و کارگێری قوتابخانە گرنگی زۆری پێ بدرێت هەم لە لایەنی پەروەردەیی و هەم لە لایەنی دەروونی بۆ ئەوەی قوتابییەکی ڕەوشت بەرز و پاک و خاوێن و نەرم و نیان بێت.

هەر وەک لە وێنەکەدا دیارە کە دایکێک چۆن هونەری پەروەردەکردنی منداڵەکەی بە جوانترین شێوە بەکار هێناوە لە ساتی منداڵیەوە بۆ ئەوەی فێری بکات و پەروەردەی بکات، ئافەرێتێک لێی دەپرسێ چۆن قەناعەتت بە منداڵەکەت هێناوە لەجیاتی ئەوەی کتێب بخوێنێتەوە، یاری بە ئامێرە زیرەکەکان بکات، دایکەکەش وەڵامی دایەوە: (منداڵەکانمان گوێمان لێ ناگرن بەڵکو لاسایمان دەکەنەوە)، بۆیە دەڵێین پەروەردەکردن هونەرە هەموو دایکێک و باوکێک نایزانێت بەڵکو دەتوانین بڵێین نایانەوێ بیزانن.

# هەموارکردنی دەستووری عێراق..
# سەرەتای کودەتایە بەسەر دەستووردا



مافپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

دەستوور لە رووی هەموار کردنەوەوە دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر، دەستووری نەرم و دەستووری بەستەڵەک. دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکی چاودێریکردن و یاسادانانە لە هەر وڵاتێک دەتوانێت دەستووری نەرم هەموار بکات یان کۆتایی پێ بێنێت بە هەمان ئەو ڕێگا یاسا ئاساییانەی دەستوورەکە پێ دەرکراوە.


بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان ناتوانێت دەستووری بەستەڵەک هەموار بکات یان کۆتایی پێ بێنێت، بەڵکو هەموار کردنی دەستووری بەستەڵەک بەڕێوشوێنی تایبەت و مەرجی قورس ئەنجامدەدرێت، کە لە ناو خودی هەمان دەستووردا دیاری کراوە، کەواتە هەموار کردنی دەستوور بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، سەرەتا دەبێت لێژنەیەکی هەموار کردنی دەستوور دامەزرێت کەنوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی وڵات و لایەنە سیاسیەکان بکات. بەزۆری ئەم لێژنەیە پێکدێت لە پسپۆرانی یاسای دەستووری و سیاسەتمەدار و پسپۆرەکان لە بواری جۆراو جۆرەکاندا بەتایبەتی لە بواری ئەو خاڵانەی کە پێویستن بو هەموار کردن. سەبارەت بە هەموار کردنی دەستووری عێراق، سەرەتا دەستووری عێراق دەستوورێکی بەستەڵەکە، چونکە دەستووری هەموو ئەو وڵاتانەی پەیرەوی سیستەمی فیدراڵی دەکەن دەبێت دەستووری بەستەڵەک بێت، بو ئەوەی هەر لایەن یان پێکهاتەیەک کە بووبە زۆرینەی ناو پەرلەمان، نەتوانێت بە ئارەزوو و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەستووری وڵات هەموار بکات و مافی لایەن و خەڵکانیتر بن پێ بخات، کە ئەمە گەرەنتیەکە لە بنەمای دەوڵەتی فیدراڵیدا.


## ڕێکارەکانی هەموار کردنی دەستووری عێراق

ڕێکارەکانی هەموار کردنی دەستووری عێراق لە هەردوو مادەی 142و 126ی دەستووردا دیای کراون، بەپێی ئەم دوو مادەیە سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی پێشنیار کردنی هەموار کردنی دەستووری هەیە. سەرەتا دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لێژنەیەک لە ئەندامانی پێکبێنێت کە ئەم لێژنەیە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکات، دەبێت ئەم لێژنەیە ماوە پێشنیار کراوەکان بو هەموار کردن بە ڕەشنووسی هەموار کردنەکەیەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات، بەمەرجێک ماوەکەی لە چوار مانگ تێپەر نەکات، پاشان ئەم لێژنەیە هەڵدەوەشێتەوە. ئینجا هەموار کردنە پێشنیار کراوەکان پێکەوە دەخرێتە بەردەست ئەنجومەنی نوێنەران بو دەنگدان لەسەری، بەڵام دەبێت لە ماوەی دوو مانگ تێپەر نەکات، پێویستە ڕەزامەندی نیوەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بێنێت. دواتر دەدرێتە ڕاپرسی گەڵ و دەبێت ڕەزامەندی زیاتر لە نیوەی دەنگدەران بەدەست بێنێت. بەڵام ئەگەر دوو لەسەر سێی سێ پاریزگا لە دژی ئەم هەموار کردنە دەنگی لەسەردا ئەوا ئەم هەموار کردنە سەرناگرێت. ئەگەر لە ڕاپرسی سەرکەوتووبوو پاشان دەدرێتە سەرۆک کۆمار بو پەسند کردن، بەڵام ئەگەر سەرۆک کۆمار بو ماوەی 7ڕۆژ ئیمزای لەسەر نەکرد ئەوا هەموار کردنەکە بە پەسەند کراوی دەژمێردرێت. کەواتە ئەگەر بەپێی بنەما دەستووری و یاساییەکان بێت ئەوان ناتوانن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستوور کەم بکەنەوە، بەڵام ئەوەی مەترسیدار لێرەدا ئەوەیە تا ئێستا پێشێل کردنی دەستوور بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق شتێکی ئاسایی بووە.

بریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە ڕۆژی 28\10\2019دەرچووە سەبارەت بە پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بە هەموار کردنی دەستووری عێراق من بە زەنگێکی مەترسیدار دەزانم بو هەرێم، چونکە حکومەتی عێراق تا ئەمڕۆ بە دەیان مادەی ئەم دەستووری پێشێل کردووە و بەدەیان جار گوێمان لە پەرلەمانتار و بەرپرسە باڵاکانی عێراق بووە، کە دەڵێن ئەم دەستووری زور بۆمبی تەوقیتکراوی تێدایە کە مەبەستیان دەسەڵاتە باڵاکانی هەرێمی کوردستانە کە لەم دەستووردا جێگیر کراون. بۆیە من بو میژوو دەڵێم ئەمانە جێگای متمانە نین، لەلای ئەمانە زور ئاساییە جارێکیتر و دەجاریتریش پێشێلی دەستوور بکەن و هەندێک کێشەی چاوەڕوان نەکراوی دەستووری بو کوردستان دروست بکەن، من پێموایە ئەوان هەوڵ دەدەن بو دوزینەوەی پیلانێک بو هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بەیەکجارەکی و دووبارە نووسینەوەی دەستوور سەرلەنوێ ?چونکە ئەوان دەزانن ئێستا پێگەی کورد لە بەغدا زور لاوازە پەرتوو بڵاوی بە لایەنەکانی کوردەوە دیارە، لەلایەکیترەوە بارودۆخی عێراق ناجێگیرە تا ئەوان ئەم هەلەبقوزنەوە بو کەم کردنەوەی دەسەلاتەکانی هەرێم لە هەموو بوارە جوراوجورەکاندا.

لە کاتی نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی عێراق لە ساڵی ?2005لەوکات پێگەی کورد لە بەغدا زور بەهێزبوو، بە هاوکاری و ئامادەبوونی هەردوو بەرێزان مسعود بارزانی و مام جەلال و چەندین کەسایەتیتری سیاسی و یاسایی دەستووری فیدراڵییان نووسی، دەسەڵات و مافەکانی هەرێم لەم دەستووردا جێگیر کراون، بەتایبەتی لە مادەی 116 تا 123باس لە دەسەڵاتەکانی هەرێم دەکات. هەروەها نمونەیەکیتر لە مادەی 115دا هاتووە: (هەر شتێک تایبەت نەکرابێت بە دەسەڵاتەکانی فیدراڵی لە دەسەڵاتەکانی هەرێم و ئەو پارێزگایانەدا دەبێت کە نەبەستراونەتەوە بەهەرێم، وە ئەگەر ناکوکی لەو دەسەڵاتانەدا هەبوو کە هاوبەشن لە نێوان پسپۆرییەکانی هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی، ئەولەویەت بو یاسای هەرێم و پارێزگاکانی نەبەستراوە بە هەرێمەوە دەبێت). کەواتە لە ڕووی زانستی دەستوورییەوە بە پێی ئەم مادەیە دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دەبێتە (ئیستیسناء) واتە دیاریکراو دەبن وە دەسەلاتەکانی حکومەتی هەرێم گشتی دەبن واتە دەسەلاتی زوری دەبێت.



محەمەد عومەر پێنجوێنی

## دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی

چەترێک بۆ دروستبوونەوەی ئیرادەی خێر و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە کوردستان ئەوش (بارەگای بارزانی)یە، هێمایە بۆ بارەگای مستەفا بارزانی لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەم بارەگایە هەمووکات شوێنێک بووە بۆ ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و شوێنێک بووە بۆ ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانی حزبە سیاسییەکان، ڕاشکاوانەتر بارەگای بارزانی تەنیا بارەگای سەرکردەیەکی سیاسی نەبووە، بەڵکو بارەگای ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە و هەر چوارپارچەی کوردستانیش ئەو بارەگایەیان بە مەرجەعی خۆیان زانیوە و ئەرکەکانی پەیوەندی بە کۆی بواری جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەبووە و فاکتەرێک بووە بۆ چەسپاندنی یاسا و دادپەروەری لە کۆی بوارەکانی ژیان لە کوردستاندا، لەڕووی سیاسیشەوە، ئەگەر میژووی شۆڕشی ئەیلوول بخوێنینەوە، دەبینین زۆر جاران لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقدا کێشەو گرفتی سیاسی هەبووە، بەڵام لەناو (بارەگای بارزانی) دا، سکرتێری حزبی شیوعی عێراق خوالیخۆشبوو عەزیز محەمەد شانازی بەوە کردووە کە بارزانی نوێنەرایەتی حزبی شیوعی بە تەنیا بکات، هەروەها زۆر جاران لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کاژیک) کێشە و گرفتی سیاسی هەبووە، بەڵام لەناو بارەگای بارزانی، مستەفا بارزانی خۆی بە ئەندامی کاژیک زانیوە و ئەوانیش شانازییان بەوە کردووە کە مستەفا بارزانی هەم سەرۆکی کاژیک بێت و هەمیش ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بێت. بارەگای بارزانی ئەو شوێنە بووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان وەک (هونەرمەندان، نووسەران، زانایانی ئایینی ئیسلام و تەواوی زانایانی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، نوێنەرانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان و...هتد)، لەمەش زیاتر بارەگای بارزانی دەرگای والا بووە بۆ هەر تاکێکی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی، کە ڕاستەوخۆ گلەیی و گازندەی خۆی لەسەر هەر پرسێک کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەیەوە هەبێت، گەیاندوویەتە ئەو بارەگایە و وەڵامی داوەتەوە و ئێستای کوردستان پێویستی بەو ئیرادە خێرەیە کە لە ویژدانی زیندووی (مسعود بارزانی) یەوە بە بڕیاردان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی لە کوردستاندا دروست بووە.

لە (بارەگای بارزانی)دا مرۆڤ هەر ناسنامە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت،لەسەر هەر پرس و جیاوازییەک غەدری لێ بکرێت، ئەو غەدرە لادەبرێت و دووبارە ئیعتوبار بۆ کەرامەتی دەگێڕێتەوە. بارەگای بارزانی، تەنیا بارەگایەکی سیاسی نییە بەڵکو ئەم بارەگایە چەترێکە بۆ گێڕانەوەی ئیعتوبار بۆ کەرامەتی هەر تاک و گرووپ و نەتەوە و ئایین و هۆزێک کە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە غەدری لێ دەکرێت. کەواتە بارەگای بارزانی تەنانەت چەترێکە بۆ گێڕانەوەی ئیعتوبار کەرامت و شکۆی مرۆڤ بە هەموو واتاییکەوە. بۆیە مانا و مەغزای بارەگای بارزانی سنووری پرۆسەی سیاسەت تێدەپەڕێنێت و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و ئامانجی دابینکردنی سەقامگیری سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە. بۆ ئێستای کوردستان کە لەلایەک پرۆسەی سیاسی جۆرێک لە ئاڵۆزی پێوە دیارە، لەسەر ئاستی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەوڵێک بۆ پاشاگەردانی و تێکدانی ئەو ئاشتییە بە ڕاشکاوی بوونی هەیە، لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی حکومەت جیا لەوەی گەندەڵی و چاکسازی هەیە، لە هەمان کاتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان دیاردەی خزم خزمێنە و خۆرەپێشکردن بوونی هەیە، لەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان کەموکورتییان هەیە، ئەوا بڕیاری دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی لەلایەن بەڕێز (مسعود بارزانی)یەوە، پێش ئەوەی بە بڕیارێکی خەمخۆرانە و بوێرانە وەسفی بکەین، دەکرێت بە ویژدانێکی زیندووی عارفانەی دابنێین کە لە (شیخ عەبدولسەلامی بارزانی)یەوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر دەستی (مستەفا بارزانی) ناسنامەی کوردستانی بوونی بە بەردا دەکرێت. ئەم ویژدانە زیندووە عارفانەیە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هێزی مەعنەویی (بارەگای بارزانی) بخرێتە خزمەت کۆی بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانەوە، ئەم هێزە مەعنەوییە دەبێتە پاڵپشت بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایین و حزب و گرووپ و تاکانەی غەدریان لێدەکرێت و ئەو غەدرەی لەسەر لادەبات کە لەبەر هەر هۆیەک بەرامبەری کراوە.

# چارەنووسی گرووپی تیرۆریستی داعش لە دوای نەمانی ئەبوبەکر بەغدادی



د. سامان سۆرانی

لە 27ی ئۆکتۆبەری 2019سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترامپ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کوشتنی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم سامەرائی تەمەن 48ساڵ، ناسراو بە ئەبو بەکر بەغدادی، ڕاگەیاند.

بەغدادی پاش ئەوەی پاریزگای ڕەقە و چەندین ناوچەی لە پاریزگای دێر ئەلزۆر و بەشێکی فراوان لە پاریزگای حەلەب کۆنترۆڵ کرد لە 29ی حوزەیرانی 2014ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی جارپدا. شاری ڕەقە کرا بە پایتەختی خیلافەتی "دەوڵەتی ئیسلامی" و داوا لە موسڵمانان کرا ڕوو لەو شارە بکەن و بەیعەت بە خەلیفە بدەن.

لە هەمان ساڵدا داعش شاری موسڵ و ناوچەیەکی فراوانی لە باکوری عیراقی داگیرکرد و دەستی بەسەر ئەو چەکە قورس گرت، کە سوپای عیراق پاش کشانەوەی لە موسڵ بێ بەرگری کردن بە ئاسانی بۆی بەجێ هێشت. داعش توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەیەکی 8ملیۆن کەسی بسەپێنێت، کە پانتاییەکەی 88هەزار کیلۆمەتر دووجا بوو. داعش بە دەستگرتن بە سەر داهاتی نەوت و دزیکردن لە بانکەکان و بارمتەگرتن توانی چەندین ملیار دۆلاری بەدەست بهێنێت.

لەگەڵ ئەوەی داعش لە ڕووی لۆجیستی و مرۆیی لە عیراق و سوریا دووچاری زیان بوو و لە بەهاری 2019دوا مۆڵگەی خۆی لە گوندی باغۆز لە ڕۆژهەڵاتی سوریا لە دەست دا، بەڵام هێشتا هەر بەردەوامە لە بەرگریکردن.

هەرچەندە لە سەر ئاستی وڵاتان بە فەرمی باس لە نەمانی خیلافەتی بەغدادی کراوە، کە لە ساڵی 2104 جارێدرابوو، بەڵام بەپرسە سەربازیەکان دڵنیانین لە کۆتایی هاتنی چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە، چونکە هزر و ئەندامانی داعش لەسەرتاسەری جیهان بوونیان هەیە و دەتوانن هێرشی نوێ ئەنجام بدەن.

داعش لە ساڵی 2018 نزیکەی 1767هێرشی لە عیراق و 1124هێرشی لە سوریا ئەنجامداوە، بێجگە لە ئەنجامدانی 316هێرش لە ئەفغانستان و 181لە سینا و 73لە سۆمال و 44لە نیجیریا و 41لە یەمەن و 27 لە فیلیپین.

لە ئێستادا نزیکەی 12هەزار شەڕکەری داعش لە زیندانەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەست بە سەرن، نزیکەی 70هەزار کەس و کاری شەڕکەرانی داعش لە ناو کەمپەکانی ژێر دەسەلاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەژین.




دەزگا هەواڵگرییەکان ترسیان لە دەربازبوونی ئەم زیندانیانەیە هەیە لە زیندانەکانی ژێر دەستی"هەسەدە"، چونکە لەوانەیە هەندێ لە تونڕەوەکان بتوانن خۆیان بگەیینە وڵاتانی ئەوروپا و لەوێ پلان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دابڕێژن، وەکو چۆن لە ڕابووردوو لە لەندەن و پاریس و بەرشەلۆنە و شوێنی تر گردەوەی تیرۆریستیان ئەنجام دا.

ئێمە پێمان وایە بە نەمانی ئەبو بەکر بەغدادی چەکدار و لایەندارە تونڕەوەکانی داعش یەکێ لەم سێ ئەگەرانە هەڵدەبژێرن:

1- مانەوە لە سوریا و عیراق و کارکردن بە شێوەیەکی نهێنی لە سەر ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی.

2- چەکداربە کرێ گیراوەکان لە ناوچەیەکی تر دەگەڕێن بە دوای ڕێکخراوێکی بە هێزتر، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێکخراوە ئەلقاعیدەش بێت، کە ڕکابەرێکی بەهێزی داعشە.

3 -بلاوەکردن بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان، یان بۆ هەر وڵاتێکی تر، تیایدا بتوانن گردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، یان دروستکردن و چوونە ناو گروپی جیهادی بچووکتر.

تا ئەو کاتەی هێزەکان لە ناوچەکە بۆ ڕکابەری کردن دەستبەرداری یەکتر کوشتن نەبن، ئەوا لە ئایندەدا ناسەقامگیری زیاتر دەبێت.

پێویستە دەرفەت بە گەلانی ناوچەکە بدرێت، حوکمی ڕەشید بەدەست بهێنن، لە پێناو دیالۆگی بونیاتنەر و کەمکردنەوەی قەیران و ململانێ هەرێمییەکان، ئەمرۆ حکومەتی باش لە هەموو شتێک گرینگتر و پیرۆزترە.

وون بوون

ناسنامەی مۆلەتی پرۆژەی قەلەوکردنی گوللك ژمارەی مۆلەت ٢٤ لە ٢٠١٥/٥/٢٤ بەناوی عبدالله صالح حفض الله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٨١٣٤ بەروواری ٢٠١٨/٩/١٩ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ڕێکار حسین کریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٨٤١٠٧ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی همزە یوسف حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٧٩٤٩٢ بەروواری ٢٠١٩/٣/١٠ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی قاسم عبدالکریم محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ دهوك

العدد / ١٥٧٢ / ٢٠١٩

التاريخ /٢٠١٩/١٠/١٧

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع موجودات محل (ماركيت سوز بازار) الواقع في ( دهوك/حي الشرطة العليا- قرب مركز شرطة خبات) العائدة للمدين (طارق اسماعيل حسين) لقاء طلب الدائن (شمال حسين عبدالله) البالغ (٤٦٨٨٠٠٠) اربعة ملايين وستمائة وثمانية وثمانون الف دينار فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية في تمام الساعة (الثانية عشر) ظهرا في اليوم العاشر من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من القيمة المقدرة البالغة (٢٠٨٠٤٧٥٠) عشرون مليون وثمانمائة واربعة الاف وسبعمائة وخمسون دينار

هلات عبدالكريم محمد / المنفذ العدل

***

محكمة بداءة ئاكرى

الرقم/٦٨٣/ب/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/١٠/١٥

م/حكم غيابي

الى المدعى عليه (مجاهد محمد سعيد) مجهول محل الاقامة

اصدرت هذه المحكمة حكما غيابيا بحقك بتاريخ ٢٠١٩/١٠/١٤ في الدعوى المرقمة اعلاه يقضي بالزامك بدفع مبلغ مالي قدره (١٣١١٠٠٠) مليون وثلاثمائة واحد عشر الف للمدعي (سرور غريب عمر) عن قيمة مواد غذائية مع تحميلك الرسوم والمصاريف واتعاب المحاماة ونظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بالحكم بالنشر في صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض عليه خلال مدة عشرة ايام اعتبارا من تاريخ اخر نشر وبعكسه سوف يسقط حقك في الاعتراض

القاضي / خالد عثمان يوسف

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری گلدانەوە

ژمارە: ٤٣٨٣/٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار (پارێزەر ئازاد قاسم مولود بریکاری گشتی زەکی ئیمام ئوغلو بەڕێوەبەری گشتی فاملی فان سەرەرای کارەکەی)

هۆشدارلێکراو (سردار حسن کانبی)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریپتان ئاراستە کراوە لەلایەن (پارێزەر ئازاد قاسم مولود بریکاری گشتی زەکی ئیمام ئوغلو بەڕێوەبەری گشتی فاملی فان سەرەرای کارەکەی)

بەژمارە (٢٣/٤٩١٧٢) لە ٢٠١٩/١٠/٢ بەمەبەستی هۆشدارکردنت بەوەی کرێچیت لە بەشێك لە مۆڵکی ژمارە Z-٤٩ بۆ دانی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت بەبڕی ($٤١٩٥) چوار هەزارو سەدو نەوەد و پێنج دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ قەرزی خەدەمات بە بڕی (١٦٩٥٠) شازدە هەزار نۆسەدو پەنجا دۆلاری ئەمریکی لەماوەی (٨) هەشت ڕۆژدا وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (سەفین (٣/٢/١ لەشاری هەولێر لە (٢٠١٩/١٠/٢١) بۆیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

مریوان قرەنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەم

لە ف.دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

(ئاگاداری دووەم)

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێدانی شوێنی (گەس و خواردەمەنی) لە ناو بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری سۆران بۆ ماوەی (١) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦)

٣ – سنوورو ئاگاداری/

٤ – پێکهاتەکەی/ خانوویەکی یەك نهۆمی لە دوو ژوورو استقبال و مطبخ و حمام و مرافق صحی پێك دێت.

٥ – رووبەرەکەی/٢٠٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ ئاوەدانە

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٨٧,٠٠٠,٠٠٠ هەشتاو حەوت ملیۆن دینار.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٣٤٥٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩

ئاگاداری

بۆ/ کنیر مصطفی محمد

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بریاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (عمر فقی اسماعیل) کە بڕی (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە

ژمارە/٤٨٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١

ئاگاداری

بۆ (عمر الیاس عبد) پاش ئەوەی دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (عشتار و حدیاب) لە بەروواری ٢٠١٩/١٠/٣٠ کە تییادا ئاماژە بەوە دەکرێت کە جێگات نادیارە بۆیە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگادارببوون بەو هۆشداریەی کە بەڕێز (نیاز جمیل رشید) ئاراستەی کردووین بەژمارەی هۆشداری (١٥٢٧٦/٧٥) لە ٢٠١٩/١٠/١٠ لە فەرمانگەکەمان دەڕچوە، بۆیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

دادنووسی یەکەمی عەنکاوە/

ئیان صائب محمد

***

دادگای ماددەکان دهوك

ژمارە/٧٤/مواد/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠١٩/١٠/٣١

راگەهاندن

بو/داوالێکری (کاژین شوکت علی) ل دیف داخازیا داخازکار (سکڤان کامل جندی) وکینشا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازا (تصدیق طلاق خارجی) وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ شاریا ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١١/١٠ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

القاضی/ عزیز محمد سعید

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٦٩٣٤/١٠

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٣١

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (٣٠) سی یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٧٥/٨٣٤ ك ٤٤ وارش ڕووبەر/ ١٥٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ بازاری هاوچەرخ ماوەی بەکرێدان/ ٢٠ ساڵ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٦٩٣٣/١٠

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٣١

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (٣٠) سی یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٦٠/١٦١٧ ك ٤٤ وارش ڕووبەر/ ١٢٣م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٩٥١٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (POLAND SKY)

بۆ فرشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (POLAND SKY) بۆ فرشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٠) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بەیار همداد احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەروواری ٢٠١٩/١٠/٣٠

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٩٥٩٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (STANDING ستاندینگ) بۆ خزمەتگوزاری و بازرگانی تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (STANDING ستاندینگ) بۆ خزمەتگوزاری و بازرگانی تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٠) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بەیار همداد احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروواری ٢٠١٩/١٠/٣١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٩٤٩٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TRUST TOWERS

تراست تاوەرس) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (TRUST TOWERS تراست تاوەرس) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٨) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ارکان محمد محی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروواری ٢٠١٩/١٠/٣٠

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٩٤٩٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TRUST TECHNOLOGY) بۆ خزمەتگوزاری پێداویستیەکانی کەرتی پۆستە و تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای ((TRUST TECHNOLOGY) بۆ خزمەتگوزاری پێداویستیەکانی کەرتی پۆستە و تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٨) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ارکان محمد محی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروواری ٢٠١٩/١٠/٣٠

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (POLAND SKY) بۆ فرشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (STANDING ستاندینگ) بۆ خزمەتگوزاری و بازرگانی تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٢٩٣/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (طاهر جمال طاهر)
شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئـەم دادگایـە بریاریـدا لـە روژی ٢٠١٩/١٠/٢١ لـە داوای ژمارە ٢٩٣/ب/٢٠١٩ ب نەهشـتنی کوبەشـی (ازالـە الشـیوع) زەفیـا ژمـارە (٨٦٩٥/١) کەرتـێ ١١ سـمیل) ب فروتنـێ ودابەشـکرنا بهایـێ زەفیـێ لسـەر کوبەشـا هـەر یـەك بەرامبـەر پشـکێت خـو لدیـف وێنـا تومـارا زەفیـێ ددواێ دا ژبـەر نەشـتەجیبوونا تـە نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری تاخـێ خرابابکانـوی ل زاخـو ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە بریارەکـەت پـێ رابگەیەنێـت بـە هـۆی دوو روژنامـەی ناوخـۆێ روژانـە کـە لـە هەرێمێ کوردسـتان دەردەچیـت وتـە مافـێ ونەرازیبونـێ وپێداچوونـەوە هەیـە لـە مـاوەی یاسـایی دا وبـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبروەر دەکریـت بەپێـی یاسـا
دادەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٢٩٤/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (طاهر جمال طاهر)
شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئـەم دادگایـە بریاریـدا لـە روژی ٢٠١٩/١٠/٢١ لـە داوای ژمارە ٢٩٤/ب/٢٠١٩ ب نەهشـتنی کوبەشـی (ازالـە الشـیوع) زەفیـا ژمـارە (١٠٧٢٤/١) کەرتـێ ٤ منصوریـە)ب فروتنـێ ودابەشـکرنا بهایـێ زەفیـێ لسـەر کوبەشـا هـەر یـەك بەرامبـەر پشـکێت خـو لدیـف وێنـا تومـارا زەفیـێ ددواێ دا ژبـەر نەشـتەجیبوونا تـە نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری تاخـێ خرابابکانـوی ل زاخـو ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە بریارەکـەت پـێ رابگەیەنێـت بـە هـۆی دوو روژنامـەی ناوخـۆێ روژانـە کـە لـە هەرێمێ کوردسـتان دەردەچیـت وتـە مافـێ ونەرازیبونـێ وپێداچوونـەوە هەیـە لـە مـاوەی یاسـایی دا وبـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبروەر دەکریـت بەپێـی یاسـا
دادەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٢٩٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (طاهر جمال طاهر) شوێنی

دانیشـتنا تـە نەدیـارە
ئـەم دادگایـە بریاریـدا لـە روژی ٢٠١٩/١٠/٢١ لـە داوای ژمارە ٢٩٥/ب/٢٠١٩ ب نەهشـتنی کوبەشـی (ازالـە الشـیوع) زەفیـا ژمـارە (٨٦٩٣/١ کەرتـێ ١١ سـمیل) ب فروتنـێ ودابەشـکرنا بهایـێ زەفیـێ لسـەر کوبەشـا هـەر یـەك بەرامبـەر پشـکێت خـو لدیـف وێنـا تومـارا زەفیـێ ددواێ دا ژبـەر نەشـتەجیبوونا تـە نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری تاخـێ خرابابکانـوی ل زاخـو ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە بریارەکـەت پـێ رابگەیەنێـت بـە هـۆی دوو روژنامـەی ناوخـۆێ روژانـە کـە لـە هەرێمێ کوردسـتان دەردەچیـت وتـە مافـێ ونەرازیبونـێ وپێداچوونـەوە هەیـە لـە مـاوەی یاسـایی دا وبـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبروەر دەکریـت بەپێـی یاسـا
دادەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٢٩٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (طاهر جمال طاهر)
شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئـەم دادگایـە بریاریـدا لـە روژی ٢٠١٩/١٠/٢١ لـە داوای ژمارە ٢٩٦/ب/٢٠١٩ ب نەهشـتنی کوبەشـی (ازالـە الشـیوع) زەفیـا ژمـارە (٩٠٤٣/١) کەرتـێ ٤ منصوریـە) ب فروتنـێ ودابەشـکرنا بهایـێ زەفیـێ لسـەر کوبەشـا هـەر یـەك بەرامبـەر پشـکێت خـو لدیـف وێنـا تومـارا زەفیـێ ددواێ دا ژبـەر نەشـتەجیبوونا تـە نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری تاخـێ خرابابکانـوی ل زاخـو ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە بریارەکـەت پـێ رابگەیەنێـت بـە هـۆی دوو روژنامـەی ناوخـۆێ روژانـە کـە لـە هەرێمێ کوردسـتان دەردەچیـت وتـە مافـێ ونەرازیبونـێ وپێداچوونـەوە هەیـە لـە مـاوەی یاسـایی دا وبـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبروەر دەکریـت بەپێـی یاسـا
دادەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٢٩٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (طاهر جمال طاهر)
شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئـەم دادگایـە بریاریـدا لـە روژی ٢٠١٩/١٠/٢١ لـە داوای ژمارە ٢٩٧/ب/٢٠١٩ ب نەهشـتنی کوبەشـی (ازالـە الشـیوع) زەفیـا ژمـارە (١٢٧٢٩/١ کەرتـێ ٤ منصوریـە)ب فروتنـێ ودابەشـکرنا بهایـێ زەفیـێ لسـەر کوبەشـا هـەر یـەك بەرامبـەر پشـکێت خـو لدیـف وێنـا تومـارا زەفیـێ ددواێ دا ژبـەر نەشـتەجیبوونا تـە نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری تاخـێ خرابابکانـوی ل زاخـو ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە بریارەکـەت پـێ رابگەیەنێـت بـە هـۆی دوو روژنامـەی ناوخـۆێ روژانـە کـە لـە هەرێمێ کوردسـتان دەردەچیـت وتـە مافـێ ونەرازیبونـێ وپێداچوونـەوە هەیـە لـە مـاوەی یاسـایی دا وبـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبروەر دەکریـت بەپێـی یاسـا
دادەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٢٩٨/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (طاهر جمال طاهر) شوێنی

ژمارە / ٥٥٩/ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٣١/١٠/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : حسین یوسف احمد
ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا ل کێشـا ژمـارە ( ٥٥٩/ش/٢٠١٩ ) ل روژا ( ٢٠١٩/٩/٥ ) ژێـك ڤەبوونـا دادی ( تفریـق قضائـی ) دناڤبـەرا تـە و داواکار ( ائیـن یونـس احمـد ) ژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە ول دیـف دەقـێ یاسـایی کـو پێتڤیـە ئاگەهداریـا تـە دەمـێ دەرکەتنـا بریـاری زی ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب رێکـا دوو روژنامییێـت روژانـە و تـە مافـێ نـە رازیبونـێ وپێداچوونـی یـێ هەیـی دمـاوەی یاسـاییدا و بەروڤاژیـا ڤـێ چەندێ بریـار پـلا بنەبـر وەرگـرت.
دادەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە/ ٢٤٥/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٣٠/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (سمر حمید صالح)
شوێنی دانیشتووی نادیار
داواکار (نـبراس شـهاب احمـد) داوای شـەرعی ژمـارە (٢٤٥/ش/٢٠١٩) لـەم دادگایـە لـە سـەرت تۆمارکـردووە کـە داواکـە بریتیـە (گویرایەلـی) (مطاوعـە) وە لـە بـەر ئـەوەی شـۆنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێراگەیاندنـت لـە رێـگای دوو روژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـی بـە بریـاری پاشـملە ژمـارە (٢٤٥/ش/٢٠١٩) کـە لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/١٠/٢١ دەرچـووە وە دوای (١٠) دە رۆژ لـە پێراگەیانـدن پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بـە پـێ ی یاسـا
دادەر / نزار خلیل ابراهیم
* * *
دادگای باری کەسێتی سیدصادق
ژمارە: ١٨٩/ ش / ٢٠١٩
بەروار: ٢٨ / ١٠ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بریار بۆ دراو : ڕزگار قادر عبدالمجید
بریار لەسەر دراو : سپێدە فاییز جوانبخت
بـۆ بریـار لەسـەر دراو (سـپێدە فاییـز جوانبخـت) کـە ئێسـتا ناونیشـانت نادیـارە وە داوالەسـەر کراوبویـت لـە داوای ژمـارە(١٨٩/ ش / ٢٠١٩) ئـاگادارت دەکەینـەوە لـە رێگـەی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕەسـمی رۆژانـەوە کـە لەبـەروارى (٢٠١٩/١٠/١٣) دادگا بریـاری دا بـە (تصدیـق طلاقـی نێوانتـان) بـە بـێ ئامادەبوونـی خـۆت. بۆیـە ئەگـەر لەمـاوەی یاسـاییدا تانـە لـە بریارەکـە نەدەیـت ئـەوا پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا .

دادەر / جمیل جمال محمد
* * *
دادگای باری کەسێتی کەلار
ژمارە : ١٠٢٤/ ش / ٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ داوا لەسەر کراو: مها عبدالواحد محمود
داواکار: محمد محمود محی الدین داوای ژمـارە (١٠٢٤ / ش / ٢٠١٩) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت وە تیایـدا داوای (تصدیـق طلاقـی خارجـی ) دەکات لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا شـوێنی نیشـتەجێبونت نادیـارە بـە پێـی اشـعاری ئەنجومەنـی / کـەلار / گەرەکـی دریـم لانـد بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە ئاگادارکردنـەوەت لـە رێگـەی دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ رۆژی (٢٠١٩/١١/١٧) کاتژمێـر (٩:٠٠) ی بەیانـی بۆیـە پێویسـتە لـە رۆژی دیاریکـراودا ئامادەبیـت یـان بریکارێـك لـە جێـگات ئامادەبێـت بـە پێچەوانـەوە ئـەوا دادبینـی بـە شـێوەی پاشـملە دەهەقـت ئەنجـام دەدرێـت .
دادەر / سیروان محمود زەهاوی
* * *
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٢٤٥/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (کمال علی حویز) دانیشتوی شاری کۆیە گەرەکی شەهیدان بەڵام
ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
لەسـەر داخـوازی داواکار (گـلاوێـژ صالـح احمـد) لـەداوای ژمـارە(٢٤٥/ش/٢٠١٩) ئـەم دادگایـە لەبـەرواری (٢٠١٩/١٠/٣٠) بریـاری دەرکـرد لـە سـەرت بـە پێدانـی بژێـوی خێزانەکەت(گەلاوێـژ صالـح احمـد) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێ بوونت نادیـارە بەگوێـرەی زانیـاری ئەنجومەنـی شـارەوانی کۆیـە، وە روونکردنـەوەی ئاگادارکـەرەوەی دادی لـەم دادگایـە، وەپشـت بەسـتن بەمـادەی(٢١) لەیاسـای دادبینـی دادگا بڕیاریـدا ئاگادرتـان بکاتـەوە بەناوەرۆکـی ئـەم بریـارە لەرێگـەی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگانامەیـە لـە دوو رۆژنامـەی ناوەخـۆی رۆژانـە وەتـۆش مافـی تانـەی نارەزایـی و پێداچونـەوە (الاعـتراض والتمییـز)ت هەیـە لەمـاوەی (١٠)دە رۆژ لـەدوای بـڵاو بونـەوەی ئـەم ئاگانامەیـە بـە پێچەوانـەوە پلـەی کۆتایـی وەردە گرێـت.
دادەر/ شوان صابر اسعد
* * *
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە
ژمارە/ ٧٤٧٢/٢٤/٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٨
بۆ بەڕێز/ ئامێز ئاراز اسماعیل
بەناونیشانی(مامۆستای یاریدەدەر)
لەسەر میلاکی زانکۆمان/ فاکەڵتی زانست و تەندروستی
دوا راگەیاندن
بەهـۆی دابڕانـت لەکارەکـەت لە بـە ر و ا ر ی ( ٢٤/ ٩/ ٢٠١٩) و ە نەگەڕانـەوەت بۆسـەر کارەکـەت بەپـێ ئـاگادار کردنـەوەی سـەروی خـۆت پێـت رادەگەیەنیـن پێویسـتە دەسـت بـەکار بێتـەوە لەمـاوەی (٧) حـەوت رۆژ گـەر لەنـاو عێـراق دابیـت وە لەمـاوەی(٣٠) سـی رۆژ گـەر لـەدەرەوەی عێـراق دابیـت، بەپێچەوانـەوە بەدەسـت لـەکار هەڵگرتـوو دادەنرێـت بەپێـی برگـەی(٢) دوو لەمـادەی(٣٧) سـی و حـەوت لەیاسـای خزمەتگـوزاری شارسـتانی ژمـارە(٢٤) بیسـت و چـواری سـاڵی(١٩٦٠) ی هەمواركـراو.
پ. د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ٣١٤٣/ب/٢٠١٨/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراو: (فؤاد رحمن رسول کاکی)
داواکاران (عبدالخالـق و لیلـی و سـمیرە و نجـاة و نادیـەو سـاهیرة کـوران و کچانـی رحمـن رسـول کاکـی) داوای ژمـارە(٣١٤٣/ب/٢٠١٨/٧)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت وە تیایـدا داوای (تصدیـق طلاقـی خارجـی ) دەکات لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا شـوێنی نیشـتەجێبونت نادیـارە بـە پێـی اشـعاری ئەنجومەنـی رۆژی ٢٠١٩/٥/٢٩ بڕیاریـدا بـە نەمانـی هاوبەشـی (إزالـە شـیوع)ی مولکـی ژمـارە (١٥٩/٢٠١٤ك٤٥) وارش لەگـەڵ خسـتنە ئەسـتۆی تێچـووی داواو ماندووبونـی پارێزەرایەتـی، لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری (گەڕەکـی ١٥٩ی گـولان) لـە ٢٠١٨/١١/١٨، بۆیـە ئـەم دادگایـە بڕیاریـدا بـە پێراگەیانـدنت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـی و مافـی نارەزایـی (اعـتراض) و پێداچونـە وەت هەیـە لەمـاوەی یاسـاییدا لـە بریـاری پاشـملەی دادگا بـە پێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنبـڕو کۆتایـی وەردە گرێـت.
دادەر/ حسین علی محمد
* * *

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

**JOB TITLE: Instrumental and Electrical Engineer**

**LOCATION: Erbil Office**

**JOB SUMMARY:** Responsible for the project related C&I works in Atrush, maintenance, support / fault finding and modification of the various ESD/FGS,DCS and PLC systems on site.

**KEY RESPONSIBILITIES**

- Produce site work - packs and ensure that the work is carried out in a safe manner and in compliance with Scope of Work, approved drawings, specifications and industry standards
- Accept construction handover of mechanically complete systems and review associated documentation completion.
- Initiate, develop, produce and manage Instrumentation & Control Engineering Deliverables including but not necessarily limited to Instrument Datasheets, F&G Datasheets, Cause & Effect Matrix, Instrument Cable Block Diagrams, Instrument Cable Schedules, Instrument Index, IO Lists, PLC Power & Internal Wiring drgs, Instrument Hook-up drgs, Instrument Loop Diagrams, Interconnection drgs, IO Module Wiring Diagrams, Panel & JB Termination drgs, Panel & JB Termination drgs, Instrument MTOs etc. for review by TAQA Engineering Lead.
- Produce Material Take Offs (MTOs) for work packs and Scope of Works

**QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED**

- Minimum HNC/HND Qualified Instrumentation Engineer. Ideally Degree Qualified
- 5 years experience in in capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry.
- At least 5 years working on DCS and ESD systems, specifically Honeywell Experion, Emerson DeltaV and Allen Bradley PLC 5
- Must be physical fit, the job involves considerable site work at times in adverse weather conditions..
- Allen Bradley PLC 5, and RS Logix Experience, Experianced in AutoCad
- Fluency in English, both written and spoken.

**NOTE:**

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

DNO
EST - 1971

| | |
|---|---|
| Job Title | Field Medic |
| Work Location | Field |

Additional Details and requirements

**Key responsibilities, but not limited to:**

1. Emergency management of ill or injured workers in DNO's remote locations;
2. Frontline delivery of primary healthcare;
3. Frontline delivery of preventive care (e.g. occupational health, health promotion) and health administration (e.g. managing a site clinic, managing a pharmacy, record keeping, communications skills, implementing health programs).

Please check out the vacancy on below provided link to read further details of the job responsibilities.

**Required Qualifications & Experience:**

− A current internationally recognized professional registration with a relevant national regulatory body, e.g. HCPC or NAEMT.
− At least 3-years of clinical working experience in an Emergency Medicine setting.
− 3 year working experience in a Primary Healthcare setting.
− Oral and Written English fluently.
− Previous remote/hostile area medical delivery experience.
− Holds current trauma certification and ACLS, or equivalent training and certification.
− A strong background in pre-hospital care training/education delivery.
− Maintain a professional portfolio and continual professional development through CME/CPD.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە: ٣٥٤٥/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١
جاردان
بۆ داواکێراو (امانج حمد عبدالله)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگایە لە داواى ژمارە (٣٥٤٥/ش٢٠١٩/٤) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٨) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بریاری دا بە (تصدیق الطلاق الخارجی) لە نێوان تۆ و داواکار (شهلاء جمعه محمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر / گەرەکی سیداوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنەبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٧٥٧٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١١٤/١٣٠٠ ك ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (ازاد کارسول محمد) و بارمتەی خاوەن قەرز (مصرف المنصور للاستثمار) لە جیاتی قەرزی بری پارە (٧٦٨٧٦٢٥٠) حەفتاو شەش ملیۆن و هەشت سەدو حەفتاو شەش هەزار دووسەدو پەنجا دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جارانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کرێار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف المنصور للاستثمار)
- خاوەن مولك (ازاد کارسول محمد)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- ڕووبەر (٢٢٥م٢)
- ژمارەی مولك (١١٤/١٣٠٠ ك ٤٥ وارش)
شوێنی مولك (هەولێر/ شەهیدانی سیتاقان/ پشت نەخۆشخانەی ڕسول تایبەت کۆن)
- پێکهاتەکەی/ خانوو لەگەڵ پێکهاتەکەی پێك هاتووە لە (٣) ژووڕو مطبخ و حمام و ئاودەست لەخوارەوە سێ ژوور و حمام و ئاودەست لەسەرەوە دروستکراوە لەبلۆك و کۆنکریت.
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٧٨١٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٩
پێڕاگەیاندن
بۆ قەرزار/ محمد وهاب نصرالدین/ کەشوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە پالپشت بە اشعاری موختاری گەرەکی (١٥٩) ی گولان لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ خاوەن قەرز (مصرف العراقی للتجارة) لقی هەولێر بەپێی نووسراویان ژمارە (٠٠٠٣/٥٢١٥) لە ٢٠١٩/٩/٢٥ داواى فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢٢١ ك ٤٥ وارش) دەکات کەلە بەرژەوەندی بانکەکەیان بارمتە (رهن) کراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (١٥٩ گولان) بۆیە بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێڕاگەیاندنی سەرەوەت پێراوەگەینین لە ماوەی (١٥) ڕۆژ بەپێی یاسا بۆت هەیە بڕی ئەو قەرزەی کە لەسەرتە بیدیتەوە بەپێچەوانەوە مولکی (بارمتە) کراوەکەت بەزیادکردنی ناشکرا (المزایدة العلنیة) لەم بەڕێوەبەرایەتیە دەفرۆشرێت.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٣١٦/ب٢٠١٩/٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٩
جاردان
بۆ/ داواێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای چاودێر بۆ بەڵێندەرایەتی وبەرهێنان)
داواکار (ئاژین علی حسێن) داواى ژمارە ٢٣١٦/ب٢٠١٩/٥ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی زانایان و هەڤالان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٩ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٧٤٣/ك٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/١٠/٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: کامل صابر سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کێوەڕەش) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٠٨٤/ك٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: طاهر معروف علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان.
من (ناصح جمال لطیف) بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای شڤان بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/ سنوردار) کە لەڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٦) بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەینەوە کە کۆمپانیای ناوبراو پاکتاو دەکرێت. هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی یان سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکات لە سلێمانی شەقامی بازنەیی مەلیك محمود تەلاری سەنتەری بازرگانی ئاسیا ئویل.
پاکتاوکار/ ناصح جمال لطیف
٠٧٧٠٣٥٥٢٢٨١
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (TRUST TECHNOLOGY) بۆ خزمەتگوزاری پێداویستیەکانی کەرتی پۆستە و تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (TRUST TOWERS تراست تاوەرس) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

**JOB TITLE: Lead Electrical Engineer**

**LOCATION: Field Site**

**JOB SUMMARY:** Electrical Engineer leading site commissioning & construction activities, supporting Operations and engineering design deliverables.

**KEY RESPONSIBILITIES**

- Produce site work - packs and ensure that the work is carried out in a safe manner and in compliance with Scope of Work, approved drawings. specifications and industry standards
- Accept construction handover of mechanically complete systems and review associated documentation complehon.
- Prepare basic engineering drawings, SLDs, interconnection drawings, load lists, earthing layouts, lighting layouts, cable sizing, distribution & cable schedules
- Produce Material Take Offs (MTOs) for work packs and Scope of Works
- Supports procurement with technical evaluations for material deliverables
- Produce commisioning test procedures and inspection test records.
- Approve commissioning hand-over of equipment to Operations.
- To supervise site Contractors during the execution of commisioning and construction activities
- Handle all aspects of Electrical Commisioning activities including leading commissioning and supervising site activities & Contractors

**QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED**

- Minimum 10 years Oil & Gas Industry Experience
- Held position of Principal / Lead Engineer with a minimum 5 years in Supervisory Position
- Comprehensive knowledge in Electrical Engineering & Commissioning syslems upto 11kV
- Familiar with world wide Oil & Gas industry codes and standards (IEC. API standards).
- Proficient with MS and Adobe related software
- Fluency in English, both written and spoken.

**NOTE:**

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an International energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

**JOB TITLE: Mechanical Construction Supervisor**

**LOCATION: Field Site**

**JOB SUMMARY:** Provide field leadership & technical support for executing the construction and commissioning of workpacks generated by the project teams up to the formal handover to Operations in accordance with the applicable specifications and procedures.

**KEY RESPONSIBILITIES**

- Lead mechanical / piping discipline Construction and Commissioning field teams in preparation and execution of commissioning of a variety of upstream oil & gas projects
- Assume the field responsibility for the completion of the implementation in conformance with TAQA Iraq HSSE, Engineering, Projects, and Operations standards.
- Coordinates discipline activities for the successful Construction and Commissioning phases of the project within project schedules and contractual requirements.
- Oversees field coordination between client, vendors, Engineering, sub-contractors and any other external or internal agency to ensure the smooth construction & commissioning.
- Carry out a detailed assessment of the field work involved in the individual group as well as discipline with respect to the construction and commissioning and assess the available resources and possible constraints in the execution of the same.

**QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED**

- Technical degree (preferably in Mechanical Engineering) from a recognised university or technical college.
- (5) years field-based construction experience in oil/gas and/or petrochemical process facilities.
- Minimum of five (5) years field-based commissioning experience in oil/gas and/or petrochemical process facilities.
- Fluency in English, both written and spoken.

**NOTE:**

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/11/3 ژمارە (5862) | خەبات

# ئۆکتۆبەر

## مانگی تووڕەیی و دەربڕینی ناڕەزایی

تا: هەندرێن شێرزاد

بەگوێرەی سەرجەم یاسا نێودەوڵەتییەکان ، مرۆڤ بۆی هەیە ئازادانە بیربۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ و بە مەبەستی داواکردنی مافەکانی بۆی هەیە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە خۆپیشاندان ئەنجام بدات . زۆربەی وڵاتانی دیموکراسیخوازیش تا پێیان کرابێ کاریان بەم یاسایە کردووە ، بەڵام زۆر جار چەندین هۆکار دەبنە مایەی ئەوەی ئەم خۆپیشاندانانە لە چوارچێوەی خۆیان دەربچن و تووندوتیژیان تێبکەوێ و لە ئەنجامدا قوربانیان لێ بکەوێتەوە . لەو بارەوە زۆرێک لە شارەزایان ( لە نێویاندا فەرید زەکەریای نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی ئەمەریکی ) مانگی ئۆکتۆبەر بە مانگی تووڕەیی لە سەرتاسەری جیهان وەسف دەکەن ، بەو پێیەی لەو مانگەدا زیاتر لە 11وڵاتی جیهان خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەخۆیانەوە دەبینن .

### ئیسپانیا:
### هەرێمی کاتالۆنیا

لە مانگی ئۆکتۆبەردا جارێکی دیکە خەڵکی هەرێمی کەتالۆنیا بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە بڕیاری دادگاییکردنی سەرکردەکانیان لەلایەن حکومەتی مەدریدەوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی راپرسی سەربەخۆیی هەڵوەشاوە سەر شەقام و لە ئەنجامی پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس ژمارەیەک خۆپیشاندەر یرینداربوون و کۆمەڵێکیش دەستگیر کراون.

### فەرەنسا:

لە ماوەی ئەم مانگەدا ، شەقامی فەرەنسی چەندین خۆپیشاندانی بەخۆیەوە بینی ، لەلایەت ئیتلەگ زەردەکان بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان ، لەوڵاش هێزەکانی ئاسایشی فەرەنسا خۆپیشاندانێکیان ساز کرد ، لەلایەکی دیکە خەڵکێکی زۆر بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ڕەگەزپەرستی و دیاردەی ئیسلاموفۆبیا هەڵوێنە سەر شەقام .

### ڕووسیا:

مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیاش بێبەش نەبوو لە خۆپیشاندان ، ئەوەبوو وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک چالاکوان لەلایەن حکوومەت ، ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکوومی خۆپیشاندانیان ئەنجام دا .

### هۆڵەندا:

لە هۆڵەنداش ، ژمارەیەکی زۆر لە جوتیار و خاوەن کێڵگەکان بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە سیاسەتی حکوومەت سەبارەت بە کەشوهەوا بەرێوە چوو ، ئەوان پێیان وایە بەردەوامبوون لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتە زیان بە بەرژەوەندیەکانیان دەگەیەنێ.

### ئیندۆنیسیا:

لە ئیندۆنیسیاش ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەم وڵاتە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە هەموارکردنی یاسایی تاوانکاری لەلایەن حکوومەتی وڵاتەکەیانەوە خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجام دا و بە گوێرەی وتەی خۆپیشاندەران، تا حکومەت لەو هەموارکردنە پەشیمان نەبێتەوە ئەوان ئامادە نین کۆتایی بە خۆپیشاندان بێنن.

### هایتی:

هەر لەو مانگەدا شاری پۆرتۆ پرێنسی پایتەختی هایتی و چەند شارێکی دیکەی ئەم وڵاتە ژمارەیەک خۆپیشاندانی گەورەیان بەخۆوە بینی . خۆپیشاندەران داوای باشترکردنی باری گوزەرانیان دەکەن و حکومەتی وڵاتەکەشیان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هەنگاوی پێویست ناگرێتە بەر . لە ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکانیشدا چەندین جار پێکدادانی توند لە نێوان چالاکوانان و هێزەکانی پۆلیس ڕووی داوە. ئەم ڕووداوانە تەنانەت بوونەتە هۆی بەڕپاکردنی تەنگژەیەکی گەورەی مرۆیی و زۆربەی ڕێگا و شەقامە سەرەکیەکانی پایتەخت داخران.

### پۆلیڤیا:

دوای جیاکردنەوەی دەنگی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 20 ی ئۆکتۆبەر و ڕاگەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی ئیڤۆ مۆرالیسی سەرۆکی پێشووی وڵات ، ڕۆژی 21ی ئۆکتۆبەر ،شاری سانتا کروزی پایتەختی ئابووری ئەم وڵاتە خۆپیشاندانێکی بەرفراوان و گەورەی بەخۆوە دیت ، دواتر بارودۆخەکان پەرەیان سەند و خۆپیشاندان زۆربەی ناوچەکانی پۆلیڤیای گرتەوە . لە بەرامبەردا مۆرالیس خۆپیشاندانەکانی بە هەوڵێک بۆ ئەنجامدانی کودەتا وەسف کرد . تا ئێستاش لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس چەندین کەس لە هەردوولا بریندار بوون .

### چیلی:

دوای ئەوەی حکوومەتی چیلی لە سانتیاگۆی پایتەخت نرخی کارتی میترۆی زیاد کرد ، ڕۆژی 18ی ئۆکتۆبەر ژمارەیەکی زۆری خەڵک هەڵڕژانە سەر شەقام ، ئەگەرچیش سباستیان بینیرای سەرۆکی وڵات لە بڕیارەکەی پەشیمان بووەوە و چەند ڕێوشوێنی چاکسازیخوازیشی ڕاگەیاند ، بەڵام ڕووبەری خۆپیشاندانەکان فراوانتر بوو و خەڵکی نارازی چەندین داواکاری دیکەیان خستە ڕوو ئەوەبوو ڕۆژی 23ی ئۆکتۆبەر خەڵک مانگرتنێکی سەرتاسەریان ڕاگەیاند و تا ئێستاش لەو خۆپیشاندانانە 18کەس کوژراون.

### لوبنان:

ڕۆژی 17ی ئۆکتۆبەر ، حکوومەتی لوبنان لە ڕێگەی واتس ئاپەوە باجی زیاتری بەسەر پەیوەندیەکاندا سەپاند و بڕیارەکە بووە هۆی ناڕەزایی خەڵک ، بۆیە لە بەیروتی پایتەخت خەڵک هەڵڕژاینە سەر شەقام ، لە بەرامبەردا و وەک هەوڵێک بۆ دامرکاندنەوەی ئەو تووڕەییە ، حکوومەتی سەعد حەریری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی چاکسازیی ئابووری بەپەلەی ڕاگەیاند ، بەڵام خۆپیشاندەران دڕێژەیان بە دەربڕینی ناڕەزایی دا و داوایان کرد کە دەبێ چینی سیاسی دەسەڵات بەجێ بێڵێ ، لەو کاتەشەوە ڕۆژ بەڕۆژ خۆپیشاندان فراوان دەبێ و ئەو وڵاتەی تووشی ئیفلیجی کردووە .تا ئێستاش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕووی نەداوە.

### غینیا:

ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەر بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە پڕۆژەی هەمواکردنی بڕگەیەکی نێو دەستوور کە تایبەتە بە ڕێگەدان بە سەرۆکی وڵات لەوەی بۆ جاری سێیەم خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کاندید بکاتەوە ، هەزاران خەڵک لەسەر داوای بەرەی نیشتمانی بۆ بەرگریکردن لە دەستوور و هاوپەیمانی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵڕژانە سەر شەقام و لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی حکومەتیشدا تا ئێستا 10کەس کوژراون .

### ئیکوادۆر:

ڕۆژی 13ی ئۆکتۆبەر و لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی ، ژمارەیەکی زۆری خەڵک خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان ئەنجام دا و دوای 12ڕۆژ ، لینین مۆرینۆی سەرۆکی وڵات لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی وڵات گەیشتە ڕێککەوتن و دواتر بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی هەڵوەشێنرایەوە . لەو خۆپیشاندانانەدا کە تووندوتیژیان بەخۆیانەوە دیت 8کەس کوژران و 1340 کەسی دیکە بریندار بوون.

### هۆنگ کۆنگ:

ڕۆژی 9ی ئۆکتۆبەر، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە دەرکردنی بڕیارێک کە ڕێگە بە ڕادەستکردنی ژمارەیەک داواکار بە چین دەدات، خەڵکی هۆنگ کۆنگ خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجام دا، ئەو خۆپیشاندانە کە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس بەشدار بوو، هۆنگ کۆنگی ڕووبەڕووی گەورەترین تەنگژە کردەوە، ئەگەرچیش حکوومەت پڕۆژەی بریارەکەی هەڵپەسارد ،بەڵام خەڵک بەردەوام بوو لە خۆپیشاندان و ئەوان داوایان لە چین کرد چیتر دەست لە کاروباری هەرێمەکەیان وەرنەدات . سەرەتا خۆپیشاندانەکان ئاشتیانە بوون ، بەڵام دواتر ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە نێوان خەڵک و هێزە ئەمنیەکان ڕوویدا.

### جەزائیر:

بڕیاری خۆهەڵبژاردنەوەی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی سەرۆکی جەزائیر بۆ خولی پێنجەمی سەرۆکایەتی بووە مایەی ناڕەزایی خەڵکی جەزائیر ، ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی ئەپریل بوتەفلیقە دەستی لەکار کێشایەوە ، بەڵام خەڵک بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان و داوایان کرد کە دەبێ نوخبەی سیاسی ئێستا ، لە دەسەڵات دوور بکەوێتەوە ، هاوکات رازی نین بە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیار وایە ڕۆژی 12ی دیسەمبەر ئەنجام بدرێ ، چونکە پێیان وایە ڕژێم لەو ڕێگەیەوە دەخوازێ دڕێژە بە مانەوەی خۆی بدات.

### عێراق:

ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەر و بە مەبەستی داواکردنی دابینکردنی دەرفەتی کار و خزمەتگوزاریی و بنبڕکردنی گەندەڵی ، لە چەند شارێکی عێراق خەڵک خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، ئەگەرچیش حکوومەت چەند ڕێوشوێنێکی چاکسازی ڕاگەیاند بەڵام خەڵک دڕێژییان بە خۆپیشاندان دا و داوایان کرد دەسەڵاتدران لە دەسەڵات دوور بکەونەوە. خۆپیشاندانەکان تووندوتیژیان لێ کەوتەوە و تا ئێستا چەندین جار شەڕ لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنیەکان ڕووی داوە و لە هەردوولا ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار هەیە، تا ئەم ساتەش گرژی و تووندوتیژیی لەنێوان هەردوولا بەردەوامە.

## مانشێت



**سکای نیوز:**
سەرۆکی ئەمەریکا کەسێکی دیکەی بە ناوی چاد وولف دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی شوێنی کیڤن ماکالینانی وەزیری ئاسایشی ناوخۆی وڵات بگرێتەوە .



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
بە تۆمەتی تووندڕەوی ، حکوومەتی فەرەنسا 7ئەفسەری پۆلیس و کارمەندێکی لە کارەکانیان دوور خستەوە.



**ئیلاف:**
لە نزیک سان فرانسیسکۆ لە ئەمەریکا و لە ئاهەنگێکدا کە بەبۆنەی هالوین ساز کرابوو ، لە ئەنجامی تەقەکردندا چوار کەس کوژران و ژمارەیەکی دیکە بریندار بوون .



**ئەی ئێف پی:**
لە ڕۆژهەڵاتی مالی ، هێرش کرایە سەر پێگەیەکی سەربازی و لە ئەنجامدا 53سەرباز کوژران .



**فرانس :24**
لە پاکستان هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر شەقام و داوای دەستلەکاکێشانەوەی حکومەتی عمران خانیان کرد.



**کەنالی ئار تی:**
نیکۆلا ستۆرجیۆنی وەزیری یەکەم لە سکۆتلەندا ڕایگەیاند کە بەر لە کشانەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا ، داوای ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی دیکە بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکەی دەکات .



# هۆڵەندا: لەنێو چالاکییەکانی کۆمەڵەی موردایک دەنگی ڕۆژئاوای کوردستان بوونە پەیام



**ساسان دەرویش- هۆڵەندا**

کۆمەڵەی کوردی موردایک لە شارۆچکەی زەیڤن بێرغن لە هۆڵەندا ، ساڵانە چەندین چالاکی هەمەچەشنە ئەڕەخسێنێ لە بواری جۆرا و جۆردا وەک ئامادەکردنی سیمینار بۆ قۆناغەکانی منداڵ لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە لەبواری تەندروستی وکێشە کۆمەڵایەتییەکان وهۆشیارکردنەوەی باری ڕۆشنبیری بەئامادەکردنی کۆڕی ئەدەبی و کردنەوەی پێشانگای هونەری وەک شێوەکاری و سیرامک و پەیکەرسازی ، ئەوەی جێگایی باسە لە چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەییە هەوڵدانە بۆ گرێدانی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی هۆڵەندی و کوردی پێکەوە کاربکەن وقوڵتر لەیەک بگەن و کاری یەکتربیێن و بەشداری چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەییە بێن ، وێڕای کۆمەک و هاوکاری کۆکردنەوە بۆ ئاوارەکانی نێو باشووری کوردستان لە پێداویستی جلوبەرگ ، لەسەر و ئەمانەش خەمی نیشتیمان و هاواری گەل ڕەنگدانەوەی هەیە لە نێو چالاکییەکانیدا بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەیی ڕۆژئاوایی کوردستان .

**گەلاکانی پاییز لە سیهەمین پێشانگای شێوەکاری ڕەنگەکانی هونەرمەندانی تێکەڵکرد**

لە نێو وەرزی چالاکییەکانی کۆمەڵەکەدا، بەئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی هۆڵەندی و کورد، لەژێر ناوی گەلاکانی پاییزدا، نۆ هونەرمەندی شێوەکار لە کورد ئاشتی شێخانی و بژار حەمەدی و سامان قادر و هونەرمەندانی ئیتالی و ڕووسی و پۆڵۆنی لەیەک هۆڵدا کۆکردەوە لە نیشاندانی تابلۆوکارە تایبەتیەکانیدا، کە ماوەی دوومانگ دەخایەنێ، ئەمەش ئەوەمان نیشان ئەدات کە مرۆڤەکان بێ جیاوازی نەتەوە دەتوانن پێکەوە کاری هاوبەش ئەنجام بدەن کە یەکێکە لە پەیامەکانی کۆمەڵەی موردایک.

**شیعرەکان لە کژەی پاییزدا بوونە پەیام بۆ کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان**

هەر لە درێژەی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی موردایک لەم وەرزەدا لەژێر ناوی کزە پاییزدا حەوت شاعیری کورد و هۆڵەندی کۆکردەوە لە وانە لەتیف عومەر، حەمە جەزا حسێن بەرزنجی، عومەر عەبدوڵلا، سامان مەوجود لەگەڵ سێ شاعیری بەناوبانگی هۆڵەندی ڤیم باوەر وکەیس فیسەر ویوس کنۆپ، شیعرەکان پڕبوون لە ڕەنگدانەوەی دەنگ و هاواری کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان وەک پەیام بۆ کۆمەڵگەی هۆڵەندا کە بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و کوردی شیعرەکان پێشکەش بەئامادەبوان کران لەگەڵ بژار حەمدی بەئامێری عود.

**دواپەیامی بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی موردایک لە هۆڵەندا**

لەتیف عومەر وێڕای ئەوەی کە شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووبی بواری ئەدەبی کوردیيە و کەسایەتێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزیی کوردایەتیە بەرپرسی ئەم کۆمەڵەیەشی خستۆتە سەر شانی خۆیی و بۆ خەبات دواوگوتی: سوپاستان دەکەم، ئەمەوێ لە دواجاردا ئەوە بڵێم کە ئێستا سەرقاڵی دوا چالاکی ئەمسااڵین لە ڕۆژی 28/12/2019 بۆ ئاهەنگی بەناوی باوەڕ بۆ ژیان ، ئەگەر لەمن دەپرسن بۆ چالاکییەکانمان لەم وەرزی پاییزەدا، تەواو دڵخۆشم بەم چالاکییانە، چونکە کاری من هەرئەوەنییە لێرە و ئازار و هەموو دەردەسەرییەکانی نەتەوەکەمان و نیشتیمانی ژێرچەپۆک، هەروەک چۆن لە خۆشییەکانی بەشدارئەبین . بۆ کۆڕە شیعرییەکەش بەگوڵبژێرێک بەشداربووم لەبەرهەمەکانم ئەمەش پێشکەش بە ڕۆژنامەی خەبات بێت کە بۆ ئێش و ئازاری ڕۆژئاوای کوردستان گوتم لە دوا کۆپلەی شیعری ئاسمانی سوور.

دەست لە سنوورمان هەڵگرن، ئەم سنووره نووری ، ڕۆشنایی چاومانە، هەرچی هێزی دونیا هەیە، چی زریان وتۆفان هەیە، چی ئاگری گولە باران، لە ئاسمانی خاکمان هەیە، لێکمان ناکا، بتانەوێ و نەتانەوێ، سنووری خاک نیشتیمانە، نیشتیمانمان کوردستانە.

ئێمە کێین وئەوانیش لەگەڵمانا کار دەکەن ، ئیتر لەبارەی ڕامیاری ، هونەر، ئەدەبی ، زانستی یان هەربوارێکی تربێت بە بڕوای من ئەگەر توانیت کاربکەیت هیچ کات درەنگ نییە دەبێت لێرەوە بەشداربین لە خەم و ژان و لەوێ شیعرێ بڵێم یان بخوێنمەوە ، تێکەڵ بوون لەگەڵ هەر کۆمەڵگایەک مانای شارەزایی ئەبەخشێ لەهەمان کاتدا شارەزایی وەرئەگریت ، بۆیە دڵخۆشم کە ئەو ئەزمونە دەبینم لە ڕێگای کۆمەڵەکەمانەوە، تێ ئەگەن

## باکووری کوردستان ئامادەکارییەکانی مێرووڵە بۆ وەرزی زستان



ئەو مێرووڵانەی لە قەدپاڵی چیای ئاگری لە باکووری کوردستان دەژین کە 5137 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە لە ئامادەکاریدان بۆ کەڵەکەکردنی خۆراک بۆ وەرزی زستان. مێرووڵەکان لە هەوڵی چڕوپڕ و بێناوبڕان بۆ ئەوەی خواردن کەڵەکە بکەن و پێویستییەکانیان دابین بکەن تاکو زستان کاریگەری نەرێنی نەکاتە سەرژیانیان. مێرووەکان بە دووری دەیان مەتر لە شارەکەیان بەدوای خۆراک و پێداویستییەکانیاندا دەگەڕێن و بە پشت دەیگوازنەوە شارەکەیان. ماموستا لە کۆلێژی پەروەردەی کشتوکاڵی زانکۆی ئیدر، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر جەلالەدین گۆزوئاچک ڕاگەیاندووە کە مێرووڵەکان زۆر کاردەکەن و کۆمەڵایەتی و شانەی مێرووەکان لە سێ چینی جیاواز پێکدێن و گوتی: چینی سەرەوە شاژنە و بەردەوامی دەدات بە چینەکەی خۆی. دواتر مێرووی سەرباز دێت کە شانەکە دەپارێزێت. چینی سێیەمیش مێرووی کارکەرن کە مێوەن و بەردەوام خۆراک کۆدەکەنەوە و شارەکە پاک ڕادەگرن. ئامارژی بەوەش داوە کە هەر مێرووڵەیەک کارێکی پێسپێردراوە و گوتی: بەشێک لە مێرووڵە کارکەرەکان خۆراک دەدۆزنەوە و دەیهێنن لە شارەکەدا کەڵەکەی دەکەن، بەشێکی دیکەشیان پاکڕاگری لانەکان لە ئەستۆ دەگرن. ئەوان هاوکات لە ڕێگای کۆکردنەوەی خاشاک سوود بە سروشت دەگەیەنن. ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەوەش کە مێرووڵەکان بۆ بەردەوامیدان بە ژیان بەردەوام پێویستییان بە کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی خۆراکە و بۆ بەردەوامیدان بە شانەکەیان ناچارن زاوزێ بکەن.

## نقیسەر و گەڕۆکێ کورد بەدەل ڕەقۆ دەرگەهێن جیهانێ ل ڤیەننا ڤەدکەت



مالا عەرەبی ل نەمسا کو هژمارەکا مەزن ژ هونەرمەند وهەلبەستڤان و ڕۆمان نڤیسێن ل ڤیەننا و نەمسا دژین هەمبێژ دکەت، سمینارەک بۆ نڤیسەر و هەلبەستڤان و گەڕۆکێ کورد (بەدەل ڕەقۆ) ل ڤیەننا ل دۆر پەرتۆکا وی (العالم بعیون کوردیە ژ پشکا ئێکێ) سازکر.


سمینار گفتۆگویەکا ڕەوشەنبیری بوو کو نڤیسەرێ گەنج (پەروەر میتانی) ب ڕێڤە دبر و پرسیارا ئێکێ یا وی ل دۆر بۆچی ئەو پەرتۆک و تو هەلبەستڤانەک و تۆرەڤانەکێ ئومەمی؟ ڕەقۆی د بەرسڤێ دا گۆت"ئەز کوردم و دایک و بابێن من کوردن و چو تێدا نینە هەکە کوردەک یێ ئومەمی بیت.

د پرسیارێن پەروەر میتانی دا دیار دبیت ب هووری ئەو پەرتۆکا بەدەل ڕەقۆی خواندی یە و پێزانین ژی ل سەر چالاکیێن ڕەقۆی هەنە، لەوما پرسیار ژێ کر بۆچی سمیناریێن تە ل کوردستانێ ل زینداں و کەمپێن ئاواران و قوتابخانانە، هەروەسا پرسیارەک ئاراستەی ڕەقۆی کر کو هندی بزافا تە کو جیهانێ ب چاڤێن کوردی بۆمە ڤەگۆهێزی، د هەمان دەم دا تو کوردستانێ ژی بۆ بێین دی ڤەدگۆهێزی دەمێ سەردانا وەلاتان دکەی و ب ڤێ چەندێ تو دو جیهانان بۆ خواندەڤانی بەرچاڤ دکەی.

ڕەقۆی د سمیناریێ دا، ئارمانجێن گەشتێن خوە و جھ و ڕۆلێ وان د سەردەمێ جیهانگێریێ و بەلاڤبوونا بەرنامێن دیکیۆمێنتاری و ب سینگەکێ بەرفرەھ بەرسڤا پرسیارێن هەمەچور یێن بەرھەڤبوویان دا کو پتریا وان تۆرەڤان و نڤیسەر و هونەرمەند بوون و ژ چەندین ڕەگەزنامان مینا مسری و سووری و فلستینی و نەمساوی و عیراقی.

ل دوومااهیا سمیناری ڕێ و ڕەسمێن ئیمزاکرنێ ل سەر هژمارەکا پەرتۆکێن ڕەقۆی هاتنە ئەنجامدان و بەرھەڤبوویێن سمیناریێ دەستخوەشی ل ڕەقۆی کر ل سەر ڤێ سمیناریێ وگەشتا پر ب مفا و بێ بەرامبەر ل دۆر جیهانێ بۆ وان پێشکێشکری.

دھێتە زانین بەدەل ڕەقۆ دەرچوویێ پشکا زمانێ ڕووسی یە ل زانکۆیا بەغدا ل سالا 1984و ژ سالا 1991وەرە ل وەلاتێ نەمسا دژیت، 18 پەرتۆک د وارێن جۆرا وجۆر دا یێن ھەین و سمینارێن ڕەوشەنبیری ل چەندین وەلاتێن جیهانێ پێشکێش کرینە



## iphone XS لە بارگاوی کردنەوەدا گرفتی بۆ دروست دەبێت

ڕۆژێک تێنایەپێت تا مۆبایلە نوێیەکان گرفتێکیان تێدا دەرنەکەوێت، مۆبایلی iphone XSیش گرفتی تێدا دەرکەوت، بەجۆرێک بەکارێنەران دەڵێن گرفتی کاتی شەحنکردنەوەی باتریيەکەیان هەیە.

لەمبارەیەوە وێبسایتەکانی Redditو Unbox Therapyسکاڵای بەکارێنەرانیان بڵاوکردۆتەوە لەوەی کاتێ دەتەوێ مۆبایلەکەت شەحن بکەیتەوە دەبێ شاشەکەی لەکاردا بێت. واتە ئەو کەسانەی شەو مۆبایلەکانیان لەشەحن دەدەن و دەخەون دەبێ چیتر ئاگادارین و شاشەی مۆبایلەکەیان داگیرساوبێت بەبەردەوامی دەنا باتریيەکەی شەحن ناکات.

تائێستاش ئەپڵ ھیچ زانیارییەکی لەم بارەیەوە ناشکرانەکردووە کە ئایا چارەسەر چیە بەڵام پێشبینی دەکرێت لەڕێی نوێکردنەوەی سستمی iOSەو چاکسازی لەم گرفتەدا بکات.

## قەڵەوی 10 ساڵ مێشک پیرتر دەکات

بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی میدیکال نیوز تودیی، ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە کە بوونی زیادە کێش یانیش قەڵەوی، پرۆسەی پیربوونی مێشک بۆ ماوەی 10ساڵ خێراتر دەکات .

توێژینەوە نوێیەکانی پەیمانگەی پزیکشی زانکۆی " مەیامی"، لە ئەمەریکا پیشانی داوە، کە بوونی کێشی زیادی لەش و یانیش گەورەبوونی کەمەر ، بە هەڵشکاندنی تەمەن زیان بە سەلامەتی مێشک دەگەڕێنێت و کارایی مێشک لاواز تر دەکات .ئێستا توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە پەیوەندی زۆر لە نێوان قەڵەویی و ناسکبوونەوەی بەشی خۆلەمێشکی مێشک کە ئەرکی پاراستنی مێشک و ئەرکی فێربوون و قسەکردنەوە هەیە بوونی هەیە ، توێژەران توانیان قەبارەی کەمەری هەزار و 300کەس کە تەمەنییان 63ساڵ بوو و هەروەها چەوری لەش و ڕێژەی شەکر و کێشیان تاوتوێ بکەن .دوای شەش مانگ ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی دا کە ئەو کەسانەی کە کێشی لەشیان زیادبوو یانیش قەڵەو بوون ئەو بەشەی مێشکیان کە ئەرکی پاراستنی زانیارییەکان و فێربوون و قسەکردن بوو بە ڕێژەی دوو میلی مەتر لاوازتر ببوو، ئەو ئەنجامانەش پێمان دەڵێن کە بوونی زیادە کێش و قەڵەویی دەتوانێت پرۆسەی پیربوون بۆ 10ساڵ خێراتر بکات .




## ژمارەی دووی گۆڤاری پەیوەندییە گشتییەکان کەوتە بەر دیدی خوێنەران

هونەری هەشتەم؛ پەیوەندییە گشتییەکان، گۆڤارێکی وەرزییە کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی کوردستان دەریدەکات و چەندین بابەت و وتار و وەرگێڕان سەبارەت بە بوارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و مارکێتینگ لە خۆ دەگرێت.سەبارەت بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە ڕسول سالح خۆشناو، سەرنووسەری پەیوەندییە گشتییەکان گوتی:بابەتەکانی گۆڤارەکەمان دوو تەوری سەرەکی لە خۆ دەگرن و هەوڵمان داوە بابەتەکان گشتگیر بن و لە دوکانداریک کە هەز دەکات بازارسازی بۆ کەلوپەلەکانی بکات تا بەڕێوەبەر و کادیرانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و وتەبێژێک کە دەیەوێت سەرکەوتوو بدات، بتوانن سوود لەم گۆڤارە وەربگرن. تەوەری یەکەم لەبارەی تەکنیک و زانستی پەیوەندییە گشتییەکان (ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان) و وتەبێژی لە خۆ دەگرێت و تەوری دووەم سەبارەت بە بازاڕسازی و تەکنیکەکانی بابەتمان هەیە.

## کاژین فەرزندە بۆ «خەبات»:

# ئەزموونی یاریزانەکانمان هۆکاربوون کە پلەی یەکەمی کوردستان بەدەست بهێنین

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین

هەفتەی ڕابردوو خولی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان لەشاری دهۆک بەڕێوەچوو، کەتیایدا 6یانە بەشداریان کردبوو، یانەی وەرزشی هەولێریش یەکێک بوو لەو یانانەی کەلەخولەکەدا توانی بەشایستەیی پلەی یەکەمی کوردستان بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستە سەر هەندێک خاڵی گرنگ سەبارەت بەبەڕێوەچوون و بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی خولی تۆپی دەستی کوردستان یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر خاتوو کاژین فەرزندە ئاکرەیی بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان یەک دەستی و ئەزموونی یاریزانەکان و هاوکاری وپاڵپشتی دەستەی کارگێڕی یانەکە بۆتە هۆکار بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی تۆپی دەستی کوردستان ، هەروەها خولەکە خولێکی سەرکەوتوو بوو لەهەموو ڕوویەکەوە، ئەگەرچی ژمارەی یانەکان وەک پێویست نەبوون ، لەکاتێکدا ئەگەر ژمارەی یانەکان زیاتر بوایە ئەوا خولەکە بەچێژتر و خۆشتر دەبوو. سەبارەت بەخەڵاتکردنی تیپی تۆپی دەستی یانەکەیان دوای بەدەستهێنای پلەی یەکەمی کوردستان، خاتوو کاژین بۆ ئەم پرسەیش گوتی: بێگومان لەم چەند ڕۆژەدا چاوەڕێی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێرین کە خەڵات ودیاری بەسەر یاریزانەکان و ستافی تیپەکە بەگشتی بکات، ئەگەر چی ئەوان بەهیچ شێوەیەک دریغیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە لەهەموو ڕوویەکەوە.





## ساری ستایشی هیگواین دەکات

ماوڕۆ ساری ڕاهێنەری یانەی یۆڤینتۆس خۆشحالی خۆی نیشاندا لەبارەی ئەو ئاستەی گۆنزالۆ هیگواین بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەخوازراوی لە یانەی چێلسییەوە چووەتە یانەکەیان.

ساری دەڵێت: گۆنزالۆ یاریزانێکی بەتوانایە، ئەو وەرزێکی سەختی بەڕێکرد، ئەم وەرزەش دەبینین ئەم یاریزانە زۆر گۆڕاوە و لەوکاتەوەی هاتۆتە یانەی یۆڤینتۆس، بە عەقلیەتیکی دیکە و ئاستیکی باشتر یاری دەکات.

# مان یونایتد بەدوای شوێنگرەوەی پۆگبا دەگەڕێت

بەگوێرەی سایتی ESPNیانەی مانچستەر یونایتد بەدوای شوێنگرەوەی پۆگبا دەگەڕێت لەپێناو قەرەبوکردنەوەی ئەو ئەستێرەیان و بۆ ئەم مەبەستەش چاودێری موسا دیمبلی هێرشبەری یانەی لیۆن و بوبەکری سوماری یاریزانی ناوەڕاستی هەمان یانە.

سایتەکە دەڵێت: دوای ڕۆیشتنی ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ و ئەلیکس سانچێز بۆ ئینتەر میلان، ڕاهێنەری مان یونایتد پێویستی بە هێرشبەرێک هەیە، هەروەها ئەو یانەیە لە ناوەندی بەرگری کەموکوڕی هەیە، لەولاشەوە پۆل پۆگبا لەلایەن یانەکانی یۆڤینتۆس و ریال مەدرید‌ەوە چاوی خراوەتە سەر و پێدەچی لە هاوینی داهاتوو یانەکە جێبهێڵێت و بۆ ئەمەش مان یونایتد بەدوای شوێنگرەوەی دەگەڕێت.



# دێربی برایەتی و هەولێر لە بەرژەوەندی برایەتی کۆتایی هات

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

گەڕی دووەمی خولی نایابی کوردستان بەبەشداری 13یانە ئەم هەفتەیە دەستیپێکرد و لەگرنگترین یاری دێربیدا هەردوو یانەی برایەتی و هەولێر ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، یارییەکە بۆ هەردوولا گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەبوو، هەردووڵا بۆ یەکەم بردنەوە و بەدەستهێنانی 3خاڵی یارییەکە ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەسەرەتای گێمی یەکەم یاریزانانی برایەتی هەوڵی گۆڵ تۆمارکردنیان دەدا ، لەبەرانبەردا یاریزانانی یانەی هەولێر بەپلانی هێرشبردن یاریبان دەکرد بەمەبەستی گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە ، یاریزانانی برایەتی لەسەرەتای یارییەکەدا لەڕێگەی هێرشبەرەکانیەوە چەندین هەڵی ئاسانیان بۆ دەڕەخسا بەڵام لەگۆڵ تۆمارکرد سەرکەوتوو نەبوون و ئامانجەکانیان نەپێکا ، دوای ئەمە هەر لەناوەڕاستی گێمی یەکەم تیپی میوان باشتر دەبینەران، بەڵام برایەتی هەموو پلانەکانی یانەی هەولێر تێکدا و لەخولەکی 36دا لەڕێگەی یاریزان شێرزاد حوسێن توانی گۆڵی یەکەم و تۆمار بکات، تاکۆتایی گێمی یەکەم ئەنجامەکە بەسەرکەوتنی یانەی برایەتی بەتاکەگۆڵێکی بێ وەڵام مایەوە وگێمی یەکەم کۆتایی هات.



بێت، یاریزانانی هەولێر پاڵەپەستۆیەکی چڕیان خستبووە سەر گۆڵی یانەی برایەتی ،بەڵام هێڵی بەرگری بووە ڕێگر لەبەردەم هێرشبەرانی هەولێر کەگۆڵ تۆمار بکەن و ئەنجامی یارییەکە یەکسان بکەن، بەم ئەنجامە برایەتی توانی دێربی هەولێر لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێ بهێنێت و 3خاڵ بردنەوەیەکی گرینگی لەسەر دەستی یانەی هەولێر تۆمار کرد، بەم ئەنجامە یانەی برایەتی لەکۆی 2یاریدا کۆی خاڵەکانی بوو بە 4خاڵ و هاتەپلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە، لەبەرانبەردا یانەی هەولێریش لەکۆی 2 یاریدا تەنها 1خاڵ کۆکردۆتەوە و لەئێستادا لەپلەی نۆیەمی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت.

لەیاری دووەمدا ، لەیاریگای یانەی زاخۆ ، یانەی زاخۆ میواندارای لەپێشمەرگەی هەولێر پاڵەوانی وەرزی ڕابردوو کرد، یارییەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاوەن یاریگا کۆتایی هات ، دوای ئەوەی زاخۆ توانی بەئەنجامی 2-1گۆڵ لەپێشمەرگەی هەولێر ببات‌ەوە و 3 خاڵی گرینگی یارییەکەی دەستەبەرکرد، بەم ئەنجامە زاخۆ کۆی خاڵەکانی بوو بە 3خاڵ ولەپلەی پێنجەمدا جێگیر بووە، زاخۆ لەیاری ڕابردوو چاوەڕوان بوو تائێستا یەک یاری ئەنجام داوە.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوەیبوو:
نەورۆز *0سیراونی نوێ 2
شێروانە *1هەندرێن 1
دهۆک *0سۆران 1
پێشمەرگەی سلێمانی *0دەربەندیخان 1
یانەی زێرەڤانی ئەم هەفتەیە چاوەڕوانە ڕێزبەندی هەفتەی دووەمی خولەکە لەپلەی یەکەم تاپلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت: -1 سیروانی نوێ 6خاڵ -2برایەتی 4خاڵ -3 سۆران 4خاڵ-4دەربەندیخان 4خاڵ-5زاخۆ 3خاڵ.

# کۆڕێ خولی تۆپی پێی شەهیدان فاخیر سامی و سامان عەبدوڵرحمان بەڕێوەچوو

خەبات: شێروان مەلازادە

بەبەشداری( 22) تیپی شارۆچکەی کۆڕێ و دەوروبەری لە سەر یاریگای بچوکرای شارۆچکەی کۆڕێ، خولی تۆپی پێی شەهیدان فاخیر سامی و سامان عەبدوڵرحمان بەسەر کەوتووی کۆتای هات، سەبارەت بەخولەکەش محەمەد ئومێد کەمال بەرپرسی گروپی ئازادی سەر بەناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی کۆڕێ گوتی: هەستاین بەکردنەوەی خولێکی تۆپی پێی بچوککراوە بۆ هەردوو شەهیدی شارۆچکەکەمان ( فاخیر سامی و سامان عەبدوڵرحمان) بەپاڵپشتی ناوەندی بالای سەفین و لیژنەی ناوچەی کۆڕێ.

هەروەها گوتی: سوپاسی بنکەی ئاسایشی کۆڕێ و بنکەی پۆلیسی کۆڕێ و سەرجەم دامودەزگا حکومی و حزبیەکان دەکەین کە یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ سەرخستنی خولەکە، خۆشبەختانەش بە یارمەتی کۆمەڵێک لاوی خۆشەویست و ناوبژیوانان (مامۆستا شەمال، ئیدریس قەرەنی، ڕێبین ڕەحمان، خالید خەلیل) خولەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا، لە کۆتاییدا هەردوو تیپی لاوانی سەفین و تیپی لاوانی میلانۆ توانیان خۆیان بگەیێننە یاری کۆتایی.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 3. Nov. 2019 No: (5862)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




# دارەتوو.. بەناشتنی 420 نەمام یادی شەهیدێک کرایەوە

**بەرهەم شێخ عزەدین**

لەدرێژەی کاروچالاکییەکانێ خۆێ ناوەندی لاوانی داڕە تووێ سەر بەناوەندی بالاێ دەوروبەری هەولێر. بە ئاماەد بونی بەرپرسانی حیزبی و حوکمی ژمارەیەکێ بەرچاو لەلاوان و ئافرەتان وقوتابیان و خزم و کەسوکارێ شەهید (سەباح خورشد قادر)، بەچاندنی( 420) نەمام و گوڵ لە شەقامی پزیشاکان لە ناحیەی دارەتوو سالۆڕۆژێ شەهیدبوونێ ئەوشەهیدە بەرز ڕاگیرا.

شەهید سەباح لە سالی 1949لە گوندی پۆرپجەێ سەر بەناحیەی قوشتپە لە بناری دیدەوان چاوی بەدنیا هەلهێناوە، لە بنەماڵەیەیکی هەژاری کوردپەرودر پەروەردە کراوە، لە شەوی 26 لەسەر 27ی 10ی 1974لە سێدارە دراوە، کە تاکو ئیستاش جەنازەی ئەم قارەمانە نەکەوتۆتەوە دەستی دایک و باوکی و خێزانی و کەسوکاری هەر لە گۆڕستانی سەربازی موسڵ مایەوە زۆر بەداخەوە کەس گۆڕەکەێ پێ نازانێت ، شەهید سەباح لەدوای خۆێ جگە لە( فەریدە) خانی خێزانی کوڕێک و دوو کچی لە دووای خۆی بەخشیوە بەکوردستان بەناوەکانی (سەرهنگ و خوناو بەفرین ).

# فیلمی (هێزی پێشمەرگە) قارەمانیەتی پێشمەرگەو درندەیی داعش پیشاندەدات




# ڕەمەزان کۆنفۆ: ئامانجمە لە ڕێی ئەو فیلمەوە قارەمانیەتی پێشمەرگە بۆ هەتا هەتایە بە زیندوویی بهێڵمەوە لە جیهاندا




**دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین**

پێشمەرگە ئەو ناوە پیرۆزەی هەموو جیهان شانازی پێوە دەکەن ، زۆر کەس و وڵات بە شێوازی جیا جیا باسیان لە قارەمانیەتی و نەبەردی پێشمەرگە کردووە ، لە ئاستی جیهان وخەڵکی بیانی زۆریان لەسەر نووسی و کردیان بەفیلم، لە ناوخۆش بە هەمان شێوە، ئەمجارە پێشمەرگەیەکی بەشداربووی شەڕی دژی داعش بە ناوی (ڕەمەزان کۆنفۆ) هەستاوە بە دروستکردنی فیلمێکێ سینەمایی بەناوی (هێزی پێشمەرگە) کە باس لە ڕۆڵی ئەو قارەمانە لە تێکشکانی ئەفسانەی داعش و پیشاندانی درندەیی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە دەکات ، جگە لە فیلمی پێشمەرگە ئەو لاوە چەند کارێکی دیکەشی هەیە لەوانە:



سالی( 2006فیلمی کۆنەدان) کە فیلمێکی کۆمیدی بووە و باسی لە کێشەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگا کردووە، هەروەها سالی 2008 (فیلمی گدغێ) کە فیلمێکی کۆمیدی بووە و زیاتر لە 80هەزار نووسخەی ئەسڵی لێفرۆشرا . بەرهەمهێناوە، ئەو دەرهێنەرە، سەردانی ڕۆژنامەی (خەبات) ی کرد، دەربارەی فیلمی پێشمەرگە ئەم دیمانەیان لەگەڵدا سازدا

**ئارەزووی خۆمە**

سەرەتا ڕەمەزان کۆنفۆ گوتی: من لە ساڵی 2000وە پێشمەرگەم و لە ساڵی 2006یشەوە بیرم لەوە کردۆتەوە دەست بە کاری دەرهێنانی فیلم بکەم یان وەکو ئەکتەر بەشداربم کە ئەمە ئارەزووی خۆم بووە و لە ڕووی ئەکادیمی نەمخوێندووە و سوپاس بۆ خوا کارەکان سەرکەوتووبوون، ئەمەش ئارەزوویەکی خۆمەو بەردەوام دەبم

**گەیاندنی قارەمانیەتی پێشمەرگە بە جیهان**

دواتر ئەو دەرهێنەرە لاوە دەربارەی ئامانجی لە دروستکردنی فیلمی هێزی پێشمەرگە گوتی: هەموو جیهان لە ڕێی شەڕەکان و بەرەنگار بوونەوەی داعش بە قارەمانیەتی پێشمەرگە ئاشنا بوون، بۆیە گرنگەو پێویستە ئەمە لە یاد نەکرێت و لە ڕیگای هونەریشەوە ئەم قارەمانیەتییەێ پێشمەرگە بە جیهان بناسێندرێت و باسی لێوە بکرێت، ئامانجی منیش ئەوەیە لە ڕێی ئەم فیلمەوە هەتا هەتایە قارەمانیەتی پێشمەرگە بە زیندوویی بهێڵمەوە، ئەو قارەمانیەتییە بە جیهان بگەیەنم.

**زمانی بیانی**

ڕەمەزان کۆنفۆ دەربارەی کاتی فیلمەکەو وێنە گرتنی گوتی: ئەم فیلمە ماوەکەی ( یەک) کاتژمێرەو لە سەرجەم میحوەرەکانی جەنگدا وێنەی گیراوە بە شێوەیەکی زۆر پڕۆفیشنالانەو بە زمانی کوردییەو بە زمانی ئینگلیزیش ژێر نووس کراوە

**ئافرەت ڕۆڵیان هەیە**

دەربارەی کێ ڕۆڵی بینیوە لەم فیلمەدا ئەو دەرهێنەرە گوتی: وەکو سەرەتا گوتم : سیناریۆو دەرهێنانێ بۆ خۆم و وە خۆشم ڕۆڵی سەرەکی دەبینم لە هەمانکاتدا چەندین ئەکتەری بە توانا ڕۆڵیان بینیوە، هەروەها زیاتر لە (15) ئەکتەری ئافرەتیش ڕۆڵیان بینیوە. هەروەها سەرجەم پێشمەرگەکان خۆیەخشانە بەشداریانکردووە، هەموو کارەکان خۆیەخشانە کراوە

**خۆیەخش**

دواجار ڕەمەزان کۆنفۆ گوتی: سەرجەم کارەکان خۆیەخشانە ئەنجامدراوە هەر لە بەشداری ئەکتەرو پێشمەرگە قارەمانەکان و وێنەگرتن و سەرجەم کارەکانی، و دەمەوێت سوپاسی میحوەری شەشی هێزی پێشمەرگە بکەم کە هاوکاری زۆرمان بوون لە بەرهەمهێنانی فیلمەکە ، هەروەها سوپاس بۆ کۆڕەک کە بەڵێنیان پێدان سپۆنسەری کارەکەمان بن.

**دەچێتە سەر شاشەی سینەما**

لە دووماهیدا دەرهێنەری فیلمی هێزی پێشمەرگە گوتی: دوای دووساڵ کارکردن سوپاس بۆ خوا ئێستا هەموو شت ئامادەیەو ئینشائەڵڵا لە ڕۆژی (21/11) لە سەر شاشەی سینەما و فاملی مۆڵ لە هەولێرو دهۆک مۆڵ و دهۆک سینەما کس نمایشدەکرێت و بۆ ڕۆژانی دوایش بەردە وامدە بێت..

# ئەیار گۆران: کاری هونەری بۆ خۆم من، جگە لەوەی حەزوخولیایە، هاوکات وەکو پیشەیەکیشە

**خەبات: سوڵێمان سلێمان**

هونەرمەند گۆران ئەیار، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات، دەربارەی سی ڤی خۆی دەڵێت: لە ساڵی 1993لە شاری سلێمانی لە دایکبووم، لە ئێستاشدا خەریکی کاری هونەریم ، سەبارەت بە چونیەتی دەسپێکردنی کاری هونەریش دەڵێ: ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی هونەرم، بەڵام وەک یەکەم ڤیدیۆ کلیپ، کە بڵاوکردبێتەوە لە ساڵی 2016بووە بەناوی (برادەر) کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. هەروەها بینەرێکی زۆر باشیشی هەبوو، ئەیار گۆران ، سەبارەت بە بیرۆکەی دروستکردنی ئەو گۆرانییە ، ئاماژەی بەوە کرد، چونکە برام نییە لەلایەکی تریشەوە ئەو کاتی زۆر هاوڕێ لە یەکتری جیابوونەوە، بۆیە بریارمدا گۆرانییەک تایبەت بە هاوڕێیەتی بڵێم، کەلە تێکست و ئاوازی (عەلی شەوقی) بوو، ئەوەشی ئاشکرا کرد کەوا کاری هونەری حەزوخولیایەکی لەمێژینەی بووە،بۆیە تاوەکو بەگەرموگوڕی لەسەری بەردەوامە. گۆران ئەیار،سەبارەت بە پشگیریی خۆیەوە دەڵێت:- خێزانەکەم و کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ئازیزم زۆر پشتگیریان کردوومە، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە کاری هونەری بێجگە لەوەی حەزوخولیایەکە، هاوکات وەکو پیشەیەکیشە واتە هونەر بۆ من هەم حەزوخولیایە و هەمیش پیشەیە، گۆران ئەیار، سەبارەت بە دروستکردنی ئەلبوومی گوتی: لە داهاتوودا ئەلبومێکی تایبەت بە خۆم دەبێت، بەڵام دروستکردنی ئەلبووم لە ئێستادا بایەخێکی زۆری نییە، چونکە باشترین ڕێگا بۆ زیاتر ناساندنی هونەرمەند دروستکردنی ڤیدیۆ کلیپە ، ئاماژەی بەوەش دا، بێجگە لە کاری گۆرانی گوتن، تێکستیش دەنوسێ و زۆربەی هونەرمەندەکان تێکستی ئەویان بۆ گۆرانییەکانیان بەکارهێناوە، گوتیشیی: گرنگ گری ئێستا زۆر گوێی لە گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی ناگرن هەر بۆیە هونەرمەند ناچارە ئاوازی بیانی بۆ گۆرانییەکانی بەکاربهێنێت، هەروەها زۆر حەز بە ژەنینی ئامێری مۆسیقی گیتار دەکات و نوێترین بەرهەمی ڤیدیۆ کلیپیشی ئەو ساڵ بوو بەناوی (خوشک) بڵاویکردەوە ، لە ئێستاشدا خەریکی ئەنجام دانی لایڤ موزیکە هەروەها لە بونەو ئاهەنگەکاندا و لە دانیشتنەکاندا خەریکی گۆرانی گوتنە.



# بانە شێروان کار لە کلیپێک دەکات بەناوی بۆچی




**هەمزە سەرحان :**

خانمە گۆرانیبێژ بانە شێروان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ کلیپێکی نوێی خۆیەتی بەناوی (بۆچی) کە لە وڵاتی تورکیا کاری وێنەگرتنی بۆ کردووە. ئەفشین شوکری کاری ئاواز و ئەرێنجمێنتی بۆ بەرهەمەکە کردووە رایگەیاند «بەرهەمە نوێیەکەی بانە بە ناوی (بۆچی)یە، لە تێکستی ئەسرین یوسف زادەیە و خۆم کاری ئاواز و ئەرێنجمێنتم بۆ کردووە و دەرهێنەری تورک حەسەن کویجو کاری دەرهێنانی بۆ کردووە» ، ئەفشین شوکری وتیشی:«بەرهەمەکە کارێکی جیاواز و جوان دەبێت و چەند مانگێک کاری تێدا کراوە».